Dr.Saleh Ebrahimi



# گزارش قطعه‌ها
## قدوة‌العارفین باباطاهر همدانی علیه‌الرحمه فرماید

۱

کَراَژ رَزْ اَوْنِهی دیوَانَه اَزکِل    که پَرچِینَش کِری وانُوشَه‌و دِل
کَراَوْبشنش نهی آن‌دار شمشاد    کر اَوْرُنش کری آواج بِلبِل
سرنجامان بشی بپَا بَهَرزِی    یایِ‌تَه کوُر وِی مَاوَایِ تَه کِلْ

۲

زَارِجَم دِی وِدَایِ مُو رِجْ اَدخَورْد    مُو رِجَانی دو دستِی وَّ خُدَا دَرْدْ
نَاکَهانْ بَامَدَند بَازِ وِدَارِی    نَارَجَش کُشْت و مُوران زارِجْ ادخورد
دَالِ جَالوندَ کُوهان کَرْد پَرواز    بازَشْ بَکُشت و خونَش پاک وا خُورد
بمد نچیّروان دستَتْ و چادست    چه منّت بدکره از کار بدّرد (خدا)
نامِی نشّهِ ائینی که مَن کرد    بَمَنْ هَرْ آنْ کَرَنْد هَرْوَد که مَنْ کرد

۳

یَاکِم دُردِی هَنِی دَرْیَهْ نَبُدیار    یَا کِم خُوردید گهان پَیْدَانَبُد یاد
مَنْ اَژ آن رُو بدامانِ تَه زد دست    دَه کردُونتْ پَرْو پائی نَبُد یاد

۴

یَاکه أَژمِهرتَمْ دَمْ میزَدْ أَیّ یّار    خویش و بیگانگانْ سَنکم زدایّ یّار
جُرمُم أینهِ که أژ تَه دُوست دَارُم    نَه خُونَم کرْدو نَمْ رَاهِی زد ایّ یّار

۵

مَنْ آنْ پرُم که خَوانَندَمْ قَلَنْدر    نَه خَانَم بِی نَه مانم بی نَه لَنْکَر
رُو هَمَّه روُ وَرایَم کِردِ کیتِی    شَوْ دَرَایهٔ وّ اَو سنکی مهمم سر

Dr.Saleh Ebrahimi



٦

یَا اَزِین بَنْد دَرْ ازِ نَاوَه کِتّیم    خُونَم اَدْ خُورْد وَ دَر خُوناوَه کتّیم
یَا دَرِین شومَه کیتی اُم نَیایَا    اَژْ خوبی بادَه دَرْ وَزلاوه کتّیم

٧

پَنْج روزی هَنِی خُرَّم کَمانْ بِی    زمین خَنْدانْ بَرمَّانْ آسمان بِي
پَنْج روئی هَنِیها زِیْد و سَامَانْ    نه جِینَان نام و نَهژْ آنان نشانی بَيِ

٨

اَلِف کَژْکاف و نُونش سَر بَبر کَرْد    هَمَشْ هَامَان کَهان اَوْ لاجور کرد
آنِکش اَدْ آفِرِی کردُون کردَان    آنِش اَدْسَاتُ و مَنْ اُنداجه ار کرد

٩

بَشُم بَأْلوَندَ دَامان مَوْنِشَانُم    دَامَنْ أژْ هَرْ دو کیتی هاوِشَانِم
نِشَانَم تولَه ؤ مویَم بَزارِیْ    بِی کِه بُلبُل هَنِی و اوِل نِشَانم

١٠

اَزَآن أَسْبِیدَه بَازم هَمَّدانِی    بَتنهْائی کَرُم نچّیرهوَانی
همّه بَمّن وِ دِیرنْد چرغُ و شَاهِین    بنَام مَنْ کرند نچّیروانی

Dr.Saleh Ebrahimi



# بەدرخان پاشا: پێشەوای ناسیونالیزمی کورد

بەدرخان پاشا (١٢١٧ ـ ١٢٨٥ مانگی و ١٨٠٢ ـ ١٨٦٨ ز)، لە میرانی کورد، کە راپەڕینێ گەورە و بەرچاوی بەدژی داگیرکەرانی تورکی عوسمانی لە ناوچە کوردنشینەکاندا بەدی هێنا. بەدرخان پاشا لە جزیرەی عەبدولعەزیز بن عومەری کوردی بە ردەقیتی (= بەر قەعید ـ بروانە وەفیات لە باسی جزیرەدا) ناوەندی ئەمیرنشینی بۆتان لە **خانەدانی هۆزی بوختی کوردی ئازیزان** کە لە سەدەی ٨ مانگی و ١٤ زایینی حوکومەتی ئەو مەڵبەندەیان لە دەسا بووە. لە دایک بووە و دوای مردنی باوکی لە ١٢٢٧ مانگی و ١٨١٢ ز ـ بووە میروجێنشینی باوکی (کەندال، 29-28). لەم رۆژگارەدا بزاوی نەتەوەیی‌و ناسیونالیسمی نەتەوەکانی جیاجیای بن دەس عوسمانی بۆوێنە راپەرینی کوردایەتی کورد، بۆ بە دەس هێنانی سەربەخۆیی و ئازادی کورد و کوردستان، هاتە پلەیێ تازە و نوێ، بە تایبەت مڵهوڕی و مارزی سوڵتان ئەولحەمید، هۆی راپەڕین و بزاوی نەتەوەیی کوری توندتر و خێراتر کرد (بروانە: ئینتیسار، 49؛ نیکتین، 186).

لە نیوەی یەکەمی سەدەی ١٣ مانگی و ١٩ زایینی **میرمحەمەد میری گەورە حاکمی میرنشینی سۆران** (نێوان زێی گەورە و سنوری دەسکردەکانی ئێران) کەوتەبیری ئازادی و سەر بە خوێی نەتەوەی کورد و یەکیەتی و یەکگرتنی نەتەوەی کورد و سەردارانی کوردو بەدرخان پاشایشی بۆ هاوکاری یەکیەتی کورد، بانگ کرد؛ بەلام بەدرخان گەرچی بەرواڵەت دژایەتی نەکرد و برای خۆی ناردەلای میرمحەمەد میری گەورەی رەواندز، بەلام چونکا خۆی لە سەربەخۆیی و پێشەوایی دابوو، تێکۆشانێ ئەوتۆی لە خۆ نیشان نەدا (کەندال، 27). لە هەواڵێکدا قسەلەوە کراوە کە **میری گەورە میرمحەمەدی رەواندز،** لە بەردەوامی پەرەدان بە دەسەڵات و فەرمانرەوایی خۆی، بۆتانی گرتووە و بەدرخان پاشای هێناوەتە بن فەرمانی خۆی (دوره، ٨٥). هەرجۆرێ، **بەدرخان پاشا لەسەرەتای** فەرمانرەوای خۆی، بۆ بە دیهێنانی ئازادی و سەربە خۆیی، دەسی بەراپەرین و بزاوگەلێ کرد و هۆزەکوردەکان و ئەمیرانی کوردی وان، هەکاری، خێزان و چەن ناوچەی

Dr.Saleh Ebrahimi



دیکەی لە دەوری خۆیی کۆکردە وە و دەسی دایە دامەزراندنی هەندێ کارگە و کارخانە، بۆ سازدانی چەکەمەنی و باروت، تەنانەت کە سانێکیشی **بۆ فێربونی فەن و فنونی سپایی ناردۆتە ئوروپا** (کۆچەرا، ٢٢ ؛کەندال، هەرئەوێ، مەردوخ رۆحانی، ٣ (٢) / ٥٢٣). بەوجۆرە، بەدرخان پاشا لە ١٢٤٤ مانگی و ١٨٢٨ ز، ئەو نەخوێ تەیارو قەوی و پرهێز کرد،کە ئیترسوارەی شەڕوان و تفەنگچی بەداگیرکەرانی عوسمانی نەدەدا (کۆچەرا، ٢٣). هەرلە وکات و ساتانەدا، ئازادی و سەربەخۆیی راگەیاند، جاکاتێ لە ١٢٥٢ مانگی و ١٨٣٦ ز سپای تورکی عوسمانی دەوری جزیرە: پێتەختی ئەویان‌دا، بەدرخان پاشا بە خوّی و بەسپایێ تێکلاو لەکورد و ئەرمەن و ئاسوری، بە رەنگاری هێرشی تورکی داگیرکەری عوسمانی بوّوە و جەنگ تا ساڵی ١٢٥٤ مانگی درێژەی کێشاوە و سەرەنجام بەدرخان پاشا، بە سەرهێرشکارانی عوسمانیدا زاڵ بوو پاشای عوسمانی ناچار لە ١٢٥٥ مانگی پەیمانی ئاشتی لەگەڵ بەدرخان پاشاگرێدا (هەر ئەوێ)؛ بەڵام چەن حەوتو پاشترکە عوسمانیەکان لە نەسیبەین (نیکتین، 193) کە لە بەرابەرسپای ئیبراهیم پاشای میسر تێکشکا،کوردەکان دەرەتانێ زیاتریان بۆ رەخسار و جارێ دیکە بەرابەری بەدرخان پاشا، دەسیان کرد بەراپەرینی گشتی و هەمەلایەنەو لە **١٢٦٠ ـ ١٢٦٢** مانگی و **١٨٤٤ ـ ١٨٤٦** ز **ـ بەدرخان پاشا؛ وزەو قودرەتێ وەهای** پەیداکردبو کە لە هەمو ناوچەکانی کوردەواری بن فەرمانی، **خودبەی هەینییان بەناوی ئەو دەخوێندوسکەی لێدا** (کۆچەرا، هەرئەوێ). لەوکاتەدا دەسی بەدرخان پاشا تاشاری وان،موسڵ، سابلاغ (مەهابادی موکری)، ورمێ و دیار بەکر، دەرویی و دەسەڵاتی پەیداکردبو (نیکتین هەرئەوێ).

لە ساڵی ١٢٦١ مانگی لەگەرما وگەرمی خۆ سازدان وتەیارکردنی سپا بۆنە بەرد لەگەڵ عوسمانیدا، نەستوری یەکانی شاری وان لە بە درخان پاشا هەڵگەرانەوە و لە ماڵیات دان و یارمەتی دانی بەدرخان پاشا خویان راگرت. بەدرخان پاشا بە ناچار هێزێکی سپایی بوتەمێ کردنی ئەوان بەرێ کرد (هەرئەوێ؛ قس: مەردوخ کوردستانی، ٢ /٦، مەردوخ رۆحانی ٣(٢) / ٥٢٤ ؛کەندال، 30-29)کە بووەهۆی کوشتاری مەسیحیان (دورە ٩٠).

Dr.Saleh Ebrahimi



وتراوە کە عوسمانیەکانیش دەسیان لەم شۆڕشەدا هەبووە (قاسملو ٤٨). وە بە هۆی دەسەی‌چاو را داخستنی مەسیحی ئینگلیسیو ئەمریکایی کە لەکوردستانی بن دەسی عوسمانیدا بوون، مەسیحیەکانیان بەدژی بەدرخان پاشا هەڵدەخراند (کەندال، هەرئەوێ) جادوای ئەم رووداوە، دەوڵەتەکانی ئینگلیس و فرانسە، بۆ پشتیوانی لە مەسیحیان، لە سوڵتانی عوسمانیان ویست تا ئاگای لە مەسیحیەگان بێ و بیان بیارێزێ (کۆچەرا، ٢٤؛ قاسملو، هەرئەوێ). عوسمانیەکان کەوتنە و توویژ لەگەڵ بە درخاندا، جاچون نەیان توانی بیری ئازادی و سەر بە خۆیی لەمێشکیدا لابەن، بەسپاپێ شەڕانی گەورە، هێرشیان کردە سەری، بەڵام عوسمانی تێکشکان و سەخت سەریان لێشیواوو پرش و بڵاوەیان پێی‌کرا؛ بەتایبەت کە لای‌وا بو ئێران پشتیوانی لە ڕاپەرینی بە درخان پاشا دەکا (کینان، 23) تورکانی والێکرد، تا بە سپایێ شەڕوانی فرەتر بەفەرماندیی عوسمان پاشا بنێرنە شەڕی بەدرخان پاشا، سپای هەردولا لە نێزیک شاری ورمێ ئاوقەی یەکبون (١٢٦٣ مانگی و ١٨٤٧ ز) و شەڕسازبوو. لەوکاتەدا میرعێزەدین شێر (یا یەزدان شێر) کەخزمی بەدرخان و یەکێ لە فەرماندەی جەنگی ئەوبو، بەنهێنی لەگەڵ عوسمان پاشای تورک بووە هاوکیس و بەگشت پێشمەرگەی شەڕوانی خۆی چووە پاڵ عوسمان پاشای شەڕوانی تورکی عوسمانی (مەردوخ ڕوحانی، کەندال، دورە، هەرئەوجێی یانە، مەردوخ کوردستانی، ٢/٧؛ نیکیتین 186، جەلایی‌پور، ٤٠؛ زەکی، ٢٢٧) وە تێشکان‌کەوتۆتە نێوسپای پێشمەرگەی بەدرخان پاشا، عوسمانیەکان جزیرەیان داگیرکرد و بەدرخان پاشا دوای شەڕێ فرەو نابەرابەر، بە ناچار پەنای بردە نێو دژی «ئاروخ» ١٢٦٦ مانگی و ١٨٥٠ ز ـ بەدرخان پاشا ٨ مانگ لەراست سپای‌ها و بەشی عوسمانی، شەری کرد و خۆی ڕاگرت تا ناچار لەقەڵاو دژهاتە دەرێ و بە خۆی شەڕوانی کەم لەگەڵ دوژمن دەسەو یەخە بوون و سەرەنجام بەدرخان پاشا یەخسیرکرا (مەردوخ ڕوحانی هەر ئەوێ)، تورکانی عوسمانی بەدرخان پاشابان لەگەڵ خا و خێزانیدا بردەکاندی (شارێ لە جزیرەی کرت) و لە پاشان بردیانە دیمەشق و لەوێ شار بەدەریان کرد. بەدرخان پاشا هەرلەوێ دەس بەسەر بوو، تا لە ١٢٨٥ مانگی لە وێ وەفاتی کرد (کۆچەرا، کەندال،

Dr.Saleh Ebrahimi



نیکتین، هەر ئەوێ؛ هەروا بڕوانە ئیرانیکا).

بەدرخان پاشا مرۆڤێکی دیندار و وەفادار بە عەهد و پەیمان و بەڵێنی خۆیی بوو (کۆچەرا، ٢٢) و لەگەڵ پەیرەوانی ئاینی غەیری موسوڵمان کە لە ناوچەی بن دەسەڵاتی ئەودا دەژیان بە دادگەری رەفتاری دەکرد و **لایەنگری سیاسەتی چاو پۆشی لە جیاوازی دین و مەزهەب بو و باوەری بە پێکەوە ژیانی بە ئاشتی و دۆستی** هەبو و تا، لە رێگای ئاشتییەوە بتوانن زیاتر بە ئاوەدانی و پەرەدان بە ئابوری و باری ژیان و ئاسودەیی خەڵک بدەن (نیکتین، هەر ئەوێ؛ کەندال، ٢٩) جەنگی بەدرخان پاشا لەگەڵ نەستوری یەکان تەنیا لە بەر ئەوە بووکە ئەوان لە ماڵیات‌دان سەرپێچیان دەکرد و بە دژی بە درخان پاشا خەیانەنیات بە راپەرینی ئەو لەراست تورکی عوسمانیداکردکە عوسمانی دوژمنی کورد و نەستوری بوو، **نەک جیایی دین و مەزهەب** (نیکتین، 193). هەرچەند راپەرینی بەدرخان پاشا بە ناکامی‌ما، بەڵام ئەو راپەرین و بزاوە، بە **یەکەمین راپەرینی ناسیونالیستی و کوردایەتی، بۆ رزگاری کردنی نەتەوەی کورد لە بن زوڵم و زۆری نامرۆڤانی تورکی عوسمانی زانراوە (کینان، هەر ئەوێ). بەدرخان پاشایش هەر وەکو پێشەوای ناسیونالیسم و** کوردایەتی نەتەوەی کورد، دەینواندو هەروایش بووە (کۆچەرا، ٢١).

راپەرینێ کە بەدرخان پاشا بە دیهینا، رانەوەستا، بەڵکو دوای ئەویش هەندێ رۆڵەکانی ئەو لەراست هێرش و دڕندەخوێی عوسمانیدا راوەستان و بەر خودانیان لە خۆنیشان دا و لایان وابو بەرخۆدان ژیانە و هەندێکیش لە دەزگای ئەواندا بونە خاوەنی پلە و پایەی بەرز و عالی. لە **١٢٩٤** مانگی و **١٨٧٧** ز ـ دەوڵەتی عوسمانی بۆشەڕکردن لەگەڵ روسیەی تەزاری، لە عوسمان وکەنعان،کوڕانی بدرخان پاشا یارمەتی ویست، ئەو دوانەش سپا و هێزێکیان کۆکردەوە و یەکەڵک وەرگرتن لەو هەل و مەرجەدا، میرنشینی **جزیرەیان بە سەر بە خۆ و ئازاد راگەیاند** و سەرزەوێی بەر فراوانیان لە زاخۆ وە بگرە تا نەسیبەین، ماردین و عیمادیە، خستەبن فەرمانی خۆیانەوە. هێرشی تورکی عوسمانیان چەن جار تێکشکاند. سوڵتانی عوسمانی کە لەرزی نیشتبۆوە سەردڵ، ئیمتیازاتێکی بە بەدرخانیاندا و ئەوانی بۆ ئاشتی و سازان بانگ کرد، عوسمان و کەنعان بەدرخان

Dr.Saleh Ebrahimi



ئەوەیان قەبوڵ کرد و چونە شاری ئەستەمبوڵ، هەرکە گەیشتنە ئەوێ قوڵ بەست و زیندان کران (مەردوخ رۆحانی، ٣ (٢) ٥٢٦ ؛ دورە، هەرئەوێ، مەکدا ویڵ، 90).

لە ١٢٩٨ مانگی و ١٨٨٠ ز ـ بە در، کوڕێ دیکەی بەدرخان پاشا دەسی کرد بە بازی یەکی سیاسی دولایەنە، لە نێوان دەربـاری ئـەستەمبوڵ و مـەلیک غـازی شـیخ عوبەیدیلای نەهری شاهی شـەمزین لە پێشـەوایـانی راپـەرین و بـزاوی نـاسیونالیسم و کوردایەتی نەتەوەی کورد ـ لە ١٣٠٧ مانگی و ١٨٩٠ ز، ئەمین عـالی و مـیدحەت کوڕانی دیکەی بەدرخان پاشا، دەسیان کرد بە موتەحید کردنی نەتەوەی کورد، بەڵام بەر لەوەی سپایێ کۆ بکەنەوە گیران. میدحەت بـەدرخـان لە دوایـیدا دەسـی کـرد بـە بلاو **کردنەوەی رۆژنامەی کوردستان کە شوێنێ پۆزیتیوی فرە گرینگی فـەرهەنگی لە نێـو نەتەوەی کورد و خەڵکی دیکەدا.** دانا، ئـەم رۆژنـامە بـە زمـانی (شێـوەزاری کـوردی کورمانجی و تورکی (ئێدموندز، ١١). لە قاهیرە، لەندەن و ژنێو لە چاپ دەدرا و بلاو کراوەتەوە و ئەوەیش بە دورخستنەوەکانی سیاسی عوسمانی لە ئوروپا دا پێوەند بووە. کە تورکی عوسمانی وەک ئێستا زۆری بۆدە و لە تەکان دەهێناو میدحەت بەدرخانیش بە ناچار شوێنی لە چاپ دانی ئەو رۆژنامە کوردی یەی لەم ولات، بۆ ولاتی تردە گوێزتەوە. عەبدورەحمان بحرانی میدحەت بەدرخان کە لە کومەیتەی «ئیتحاد و تەرەقیدا» کـاری دەکرد، لە کۆڕی نوسەرانی ئەو رۆژنامە جێی گیر بوو لەگەڵ **حـیکمەت بـابان** کـە لە سەرکردەکانی کوردی عوسمانی بو، لە ١٣٢٠ مانگی و ١٩٠٢ ز لە کۆنگرەی تورکانی گەنجدا لە پاریس باشداری کرد (مەکداویڵ، هەرئەوێ، هەروا بروانە: ئینتیسار، 82 ؛ ئێدموندز، هەرئەوێ). **یەکەم ژمارەی رۆژنامەی کوردستان لە ٣٠ی زوقەعیدەی ساڵی ١٣١٥** مانگی و ٩ی نیسانی ١٣١٤ی رومیّ و ٢٢ نیسانی ١٨٩٨ ز ـ لە قـاهیرە، لە چاپ دراوە و بلاوکراوەتەوە، لەسەرەتاوە، بەهۆی، میقداد بەگ میدحەت بەگ نەوەی بەدرخان پاشا ئامادەکراوە و لە چاپ دراوە. ژمارەی (٦ ـ ١٩) لە ژنێف و ژمارەی (٢٠ ـ ٢٣) دوبارە لە قاهیرە و ژمارەی (٢٤) لە لەندەن و ژمارەی (٢٥ ـ ٢٩) لە فۆلکستۆن و ژمارەی (٣٠و ٣١) بۆ چاریکی تر لە ژنێف لەلایەن عەبدورەحمان برای میقداد بەگەوە

Dr.Saleh Ebrahimi



لە چاپ دراوەو بلاّو کراوە تەوە. ـ ژمارەی (١ ـ ٣١) ئەم رۆژنامە، بێجگەلە ژمارەی (١٠، ١٢، ١٧، ١٨ و ١٩) هەروەکولە سەرەوە باسکراوە، ئێستا لە شاری ماربورگ لە بەرلینی رۆژاوا لە کتێبخانەی دەولّە تیدایە و ژمارەی ٣١ی رۆژمەی کوردستان لە ٦ی مانگی موحەرەمی ساڵی ١٣٢٠ی مانگی و ای نیسانی ١٣١٨ ی رۆمی و ١٤ی نیسانی ١٩٠٢ ز، دەرچووە.

**ئەم رۆژنامە بەکوردیەکی جوان و رەوان (زاراوەی کورمانجی باکوری، بەشێوەی جزیرە و بۆتان** بە دوحەوتو جارێک لە چوار لاپەرەی (٢٥/٥٠ x ٣٢٥٠) سانتی‌میتردا لە چاپ دراوە، جۆری کاغەز و چۆنیەتی) چاپەکەیشی خراب نەبووە. بەپیتی عەرەبی لە سەرشێوە فارسی چاپ کراوە. لە ژمارەی چوارەوە بە تورکیش و تاری سکالاّ نامەی تێیدا بووە کە بۆ سولّتان عەبدولحەمید نوسراوە کە دژی لەگەلّ رۆژنامەکەکراوە، کە ئازاری نەوەکانی بە دەرخانیەکان دراوە. جادوای ئەوە سولّتان لەسەر رۆژ نامەکە بە جواب نەهاتووە یا هێرشی کردوّتە سەر لّتان‌ودارو دەسە و پێوەندە مارزو زالّمەکانی، فرەبۆیرانە لە سەرکوشتنی میدەحت پاشا و هاورێکانی و لەسەر راپەرین و بزاوی ئازادی خوازانی مەبەستی جوانی نوسیوە و لە بەر رقە بەرایەتی عوسمانی رۆژنامەکە، بە ئاسانی نەیتوانیوە لە چاپیدرێ. جائە وەیە بە ناچار لە شوێنێکەوە، بۆ شوێنێ‌تر لە چاپ دراوە، نرخی ئەم رۆژنامە **هەم لەوەدایە کە یەکەم رۆژنامەی کوردیەکە زیاتر لە سەدو دەساڵ لە مەو بەر بە زمانی کوردی چاپ کراوە و هەم بایەخی مێژوی و سیاسی و فەرهەنگیشی هەیە،** ئەم رۆژنامە نیشانمان دەداکە بزاوی کوردایەتی لە سەرەتاوە رێگای یەکیەتی لە پێش کرتووە تاکورد ئاسانتربە ئازادی و سەر بە خوێی بگا (بروانە سەرەتای رۆژنامەی کوردستان کۆکردنەوە و سەرەتا بۆ نوسینی: د. کەمال فوئاد چاپی سێوەم تاران ٢٠٠٦ ز.

لە جەنگەی جەنگی جیهانی یەکەم، کوردەکان و لایەنگرانی مستەفاگە مالّ پاشاکە لە سەرەونە خونکردنی خیلافەتی عوسمانی، یەک ئامانجیان هەبو و پێوەندی نێزیکیان پەیداکرد و بە شێ فرە گرینگ لە سپای کەمالّی یەکان، لە جەنگ لەگەلّ یونانیەکان و کێ بەرکێ لەگەلّ موتتەفیقین، کوردەکان سازیان دابو، بەلاّم کاتێ، کە مالّیە سپلّەکان زالّبون و

Dr.Saleh Ebrahimi



سەرکەوتن، کەوتنە گیانی کوردەکان، بە تایبەت سەرکوتکردنی خانەدانی بەدرخان کە **ئەیانە ویست کورد و کوردستان ئازاد و سەر** بەخۆ بکەن، بەدرخانیەکان دوای جەنگی یەکەم لە دانان و دامەزراندنی کۆڕ و کۆمکار و ڕێکخراوەکانی کوردی لە نیوکوردی بن دەس تورک و شوێنەکانی تری کوردنشین فرەکۆشاو بەکاربون، دەڵێن: «جەمعیەتی ئیستیقلالی کورد» ـ کە سورەیا بەدرخان ئەوەی لە قاهیرە دامەزراند بوو ـ (جەمعیەتی تەعالی کوردستان) کە **شێخ عەبدولقادر بن مەلیک غازی شێخ عوبەیدیلای نەهری** شاهی شەمزین و ئەمین عالی بەدرخان سازیان دابوو **لە بەیان و ڕاگەیاندنی ویستی نەتەوەی کورد، نەخشێ** فرەگرینگی هەبووە (بەیات ١٦ ـ ٢٠) بەلام بەدرخانیان لە پاش ماوەیەک لە «جەمعیەتی ئیستیقلالی کورد» جیابونەوە و «جەمعیەتی تەشکیلاتی کۆمەلایەتی کوردستان» یان سازدا (دورە، ٩٧). لە ١٣٠٦ی هەتاوی و ١٩٢٧ ز، حیزب و کۆمەڵەی کورد، کە لە سۆنگەی زوڵم و زۆری حوکومەتی تازەی تورکیە، لە دەرەوەی تورکیە بوون، لە لوبنان کۆبونەوە یەکیان سازدا و گشت حیزب و ڕێکخراوە جیاجیاکانی کوردیان هەڵوە شاندەوە و لە باتیان سازمانی «خۆیبون» یان سازدا و لە کومەیتەی ئیجرایی خۆیبوندا چەن کەس لە بەدرخانیان کەسانێ **وەک جەلادەت بەدرخان و دوکتور کامران بەدرخان** ئەندامبون (بەیات ٢٥ ـ ٢٦، لە بابەت تێکۆشانی ئەندامانی دیکەی بەدرخانیان، بڕوانە: مەکداویڵ، 93-129,203).

لە نێو بەدرخانیانێ کە لە دەرباری عوسمانی خاوەنی پلەو پایە بوون، ئەکرێ ناوی ئەمانە بنوسین: محەمەد نەجیب پاشا، کوڕی بەدرخان پاشا کە پلەی «میری میران»ی هەبوو و کاری گەورەتریشی بەدەس بووە (د ١٣١٥ مانگی و ١٨٩٧ ز)؛ کوڕی ئەو: عەبدورەزاق بەگ کە لە سەرەتاوە خاوەن پلە بوو لە پاشان بە دژی تورکان ملی بادا و لە ١٣٣٤ مانگی و ١٩١٦ ز کوژراوە و مستەفا پاشا کوڕی بەدرخان کە لە ناوچەی جیاجیادا، پلەی بێگ لەر بەگی هەبووە، مرۆڤێ زانا و کارزان بووە (مەردوخ ڕوحانی، ٣ (٢) / ٥٢٦ ـ ٥٢٧). **سەرچاوە:** بەیات، کاوە شۆڕشی کوردەکانی تورکیە و شوێندانانی ئەو لە سەر پێوەندی دەرەوەی ئێران، تاران، ١٢٧٤ هەتاوی؛ جەلایری پور،

Dr.Saleh Ebrahimi



حەمیدرەزا، کوردستان، تاران، **١٣٧٢** هەتاوی؛ دورە مەحمود، ئەلقەزیە کوردیە، بێروت، **١٩٦٦** ز؛ زەکی، محەمەد ئەمین، کورد و کوردستان، مەهاباد، **١٣٥٠** مانگی و **١٩٣١** ز؛ د قاسملو، عەبدورەحمان، کوردستان و ئەکراد، بێروت، **١٩٧٠** ز؛ کۆچەرا، کریس، جونبوشی میللی کورد، تەرجەمەی ئیبراهیم یونسی، تاران، **١٣٧٣** هەتاوی؛ مەردوخ رۆحانی، تاریخ مەشاهیری کورد، بە کۆششی ماجید رۆحانی، تاران، **١٣٧١** هەتاوی؛ مەردوخ شیخ محەمەد ئایەتوللاّ کوردستانی، تاران، **١٣٥۴** هەتاوی و هەروا:

Edmonds, C. J., Kurds, Turks, Aabs, london, 1951; Entessar, n., Kurdish Ethnonationalism. London, 1992; Iranica; Kendal. 1. sh., "the kurds under the ottoman Emfire" peopl Without a country, thekurds and kurdistan, tr. m. pallis, ed. G. Chaliand, London, 1980, Kinnane D., the Kurds and Kurdistan London / New Vork, 1970; Me Dowall, D., Amodern History of the Kurfds, London, Newrork, 1996; Nikitine, B., Les Kurdes, Parics, 1956.

موحسین ئەحمەدی، دایرەتولمەعاریفی ئیسلامی ج ١١ پەڕەی **٥٣٦** تا **٥٣۴** چاپی **١٣٨١** هەتاوی تاران (شەپۆل).

**بەدرخان پادشا** ئەو سەرداره شتزانه و پێشەوا ئاکار جوانە، رێبواری شاریی تەریقەت، شارەزای، دەستوری شەریعەت، کارمەی گرێ ڕەهانی، تێشکدەری ئاسۆیێ بێ گومانی، نمونەی یەکتا پەرست و خواخوازان.

ئەمیر بەدرخان لە (**١٨۴٣-١٨۴٦**) مەسیحی را پەریوە، بە تایبەت دوای تێشکانی تورکان لە نەصیبەین لە ساڵی **١٨٣٩** توانی زیاتر پەرە بەفەرمانرەوایی خۆی بدا وتا، وان، موسڵ، زاخۆ، **خێزان، موش، کارسا، سنجار، سیرت، وەران شار،** سوارەک، شنۆ، **سابلاّغ: (مەهاباد)، ورمێ، دیار بەکر ـ ی گرت** وخستیه بن فەرمانی خۆیو لەگەڵ خانه مەزندکانی کورد دا، وەکو، حوسێن بەگی قارس وئاجورەو ئەمیری ئەردەڵان، یەکی گرتو موتەحید بوو لە ساڵی **١٨۴٢** مەسیحی بەناوی خۆی سکەی لێداوە.

لەوسەردە مەشدا مەحمود پاشا لە سلێمانی را پەری بوو لەگەڵ بەدرخان پاشا

Dr.Saleh Ebrahimi

# چەن نوکتەی وردو جوان جوان

## وێژەرانی (اَمْسَیتُ کُرْدِیّاً وَ اَصْبَحْتُ عَرَبِیّاً)

□ بابا تاهیر-ی عوریان کە بە زاراوەی ماددی کوردی: (ئاوێستایی) یالوری شیعری وتوە و شیعرەکانیشی لەسەر وەزنی مفاعیلن مفاعیلن مفاعیل لە بەحری هەزەجی موسەدەسی مەحذوفەکە (نِ) مفاعیل لەئاخردا قرتاوە بابا تاهیر لە ٤٤٧ی مانگی وەفاتی کردوە[1].

بابا تاهیر بێجگەلە چارینەکان ٤٢١ واژەی کورتی (کلماتِ قصارِ) هەیە کە دەڵێن: عین‌القضاة راوەتی کردون و بە (الفتوحات الربانیه...) ناوبراوە.

پڕۆفیسور مینورسکی[2] لەو تارێکدا، کە دوکتور کاسمی کردویەتە فارسی دەڵێ: بەپێ ی نوسخەی دەسخەتی کتێبی (سەرئەنجام) کە لە پەرلانەی نەتەوەیی پاریس لەژێر ژمارەی ١٩٠٣ زەبت کراوە، هەندێ کەس بابا تاهیریان بە هەمدانی زانیوە، بەڵام بەقسەی (م. کلمان هوار[1]) بابابەزمانی ماددی یا لوڕی: (ئاوێستایی) شیعری گوتوە (٢).

1 - M. KELMAN HEVAR

**چەن هونە لە بابا تاهیر**

نەوچە بورەم بشی رۆژی بەنەچیر
سییە بورس بمی پابەندو زەنجیر
ئانچی سودی چەشمەم کەسِ نەوینۆ
موردە نەچیرەوان و زیندە نەچیر

بابا ئەم چارینەی بۆ کوژرانی کوڕی خۆی وتوە کە ئاسکۆڵێ بە کەمەند بەزیندویی دەگرێ و بە قەڵپوزی زینی ئەسپەکەی دەبەستێ و بەرەو ماڵ رای دەکێشێ لەرێگا

---

١ ـ راحة الصدور، ئێدوارد براون بە نەقڵ لە زنجیرەی بڵاوەی ئەنجومەنی ئاساری نەتەوەیی ژمارەی ١١٣ چاپی دوەم ساڵی ١٣٥٤ی هەتاوی تاران لاپەرەی ٣٦ شەرحی حاڵی بابا تاهیرو...

2- PROFESSOR MINORESKY

Dr.Saleh Ebrahimi

ئەسپەکەی لەو ئاسکۆڵە سلْ دەکا و کوڕەکە دەکەوێ بەڵام قاچێکی لە ئاوەزنگیدا، گیر دەکا و ئەسپەکە، بەراکێشانی ئەوکوڕە، دەگاتەوە بەر دەروازەی ماڵە بابا، باباش بۆشین ئەو چارینە دەڵێ و ئاسکۆڵەکە ئازاد ئەکا و کوڕەکەیشی لەو شوێنەی ئێستا گۆڕی پیرۆزی بابایلێیە، دەی نێژێ، ئەمە تابشت و صەورو تاقەتی بابا نیشان ئەدا[2]

خوشا ئانانکی ئەز پا سەر نەزونن

میانی شوعلە خوشکو تەر نەزونن[3]

کەنیشتو کەعبەو بوتخانەو دەیر

سەرایی خالی ئەز دلبەر نەزونن

لوایی کەز لوان ئان گوڵ ئایو

بەمو خوشتەر ژدەنگی بولبول ئایو

بەشەو بەر زولفەکان گەر زەنەم دەست

ژ دەستوم رۆژ بویی سونبول ئایو

یکی بەرز گەر نالان دەرین دەشت

بە چەشم خون فشان ئالالە میکیشت

هەمی کیشت و هەمی گوفت ئەی دریغا

کی بایەد کیشتەنو هیشتەن دەرین دەشت

گەرەم رانی وەرەم خانی تەزانی

وەرەم ئاخر بسوزانی تەزانی

وەرەم بەر سەر نەهی ئەلوەند و میمەتد

نەمی وازەم خودا زانی تەزانی

ئەگەر دل دلبەر، دلبەر کودومە

ئەگەر دلبەر دلە، دل را چ نومە

دل و دلبەر بە هەم ئاوێتە وینەم

نەزونوم دل کی و دلبەر کودومە

---

٢ ـ بلاّوەی ئەنجومەنی ئاساری نەتەوەیی لاپەرەی ٩١٣ سەرچاوەی بەرو.

٣ ـ لاپەرەی ٣٨ و ٥٨ بلاّوەی ئەنجومەنی نەتەوەیی چاپی ١٣٥٤ ـ سەر چاوەی بەرو

Dr.Saleh Ebrahimi

مـەگـەر شـیرو پـلنگی ئـەی دل ئـەی دل

بـەمو دایـم بـەجەنگی ئـەی دل ئـەی دل

ئـەگـەر دەسـتوم رەسـە خـێنەت وەریـژم

بـبی نـوم تـاچ رەنگـی ئـەی دل ئـەی دل

ژ دەست و دیـدەو دل هـەردو فەریـاد

هـەرانـچی دیـدە، ویـنۆ دل کـەرۆ یـاد

بسـازەم خـەنجەرێ نـیشەش ژ پـولاد

زەنـەم بـەر دیـدە تـا دل گـەردەد ئـازاد[1]

☐ شێخ عەبدوللا ناودار بە بابۆیی[2] کەلە ۳۷۴ی مانگی وەفاتی کردوەو لەشیراز نێژراوە.

☐ ئەبوبەکر زینهارانی: حوسینبن عەلیبن یەزدانیار کە لە ۳۳۳ی مانگی لەورمێ وەفاتی کردوە وگۆڕە پیرۆزەکەی لەلای فێرگەی نەوید فەتحەکە باوەگەورەی ضیاءالحق حسامالدین حەسەن چەلەبییە کە هەندێ لایان وایە مەسنەوی ئەم بۆ مەولانای رۆمی داناوە، کە مەولانا جەلالەدین رۆمی لە دیباجەی دەفتەری ئەوەلی مەسنەویدا، دەڵێ: (یقول العبدالضعیف... محمدبن محمدبن الحسین البلخی اجتهدت فی تطویل المنظوم المثنوی... لاستدعاء سَیِّدِی... ابوالفضائل حسام الحق والدین حسنبن محمد المعروف بابن اخیترک ابو یەزید الوقت و جنیدالزمان... المنتسب الی الشیخ المکرم بما قال: فنعم (اَمْسَیتُ کُرْدِیّاً وَ اَصْبَحْتُ عَرَبِیّاً) الخلف و نعم السلف[3] کەعەللامە قـەزوێنی بەناوی حوسین بن عەلی ئەبوبەکر زینهارانی، بن یەزدانیار ناوی بردوە، مەو لەوی لەبەر مەشهور بون بەلازمی نەزانیوە ناوی ببا[4]

---

۱ ـ بلاّوەی ئەنجومەنی ئاساری نەتەوەیی لاپەرەکانی ۳۰ و ۳۱ و ۱۰۵ و ۱۷٦ کەدەڵێن: دەستگردی چارینەکانی باباتاهیری گۆڕیوەتە سەر زمانی فارسی

۲ ـ نفحات الانس چاپی کەلکەتە لاپەرەی ۳٦۲ بابونی ـ مقدمەی شدالازار ص ج ـ کۆبەی عەللامە قەزوێنی بەنەقڵ لە بلاّوەی ئەنجومەنی ئاساری نەتەوەیی لاپەرەی ۴۸.

۳ ـ شدالازار کۆبەی ۵۱۲ تا ۵۱۴ بەنەقڵ لە بلاّوەی ئەنجومەنی ئاساری نەتەوە یی لاپەرەی ۴۹ سەرچاوەی بەرو.

۴ ـ لاپەرەی ۴۵۹ و ۴٦۰ کتیبێ گەنجینەی فەرهەنگ و زانست چاپی ۱۳٦۴ نوسراوی (شەپۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi



یەککەوت، ئەمیر بەدرخان لە ۱۸۲۱ زاینی بۆ ماوەی ۱۸ ساڵ میری کردوە، بەدرخانە خوی بەرابەری ئاینی و رۆحانی مەڵبەندە ئازادکراوەکان ئە زانی کە توانی بوی لەبن چرنوکی تورکی وەسمانی دەریان بینێ و ئازادیان بکا.

بەدرخان فەرمویەتی: لە روژگاری سوڵتان سەلیم لە ۱۵۸۳ مەسیحی کە لەوین تیک شکا، فەرمانداریکی گشتی نارده دیار بەکرو لە سیاسەتی (تەفرەقە ساز بدە و حوکومەت بکە)کەڵکی وەرگرت و تادەورەی سوڵتان حەمید کە کوردکز بو.

شازادە بەدرخان لەجزیرلە سالی ۱۸۴۷ مەسیحی زۆری شکست بە تورکی وەسمانیدا، بەڵام لە سۆینگەی فریو خواردنی عیزەدین شێرکورمامی خۆی، ئەم را پەرینەی بە درخانیش **میوەی ئازادیبۆکورد نەبو.**

شازادە ئەمیر ثوریا بەدرخان دوای پەیمانی تەرکی موخاصەمەی (مود روس) ئەنجومەنی سەر بەخویی کوردی لە قاهیرە پێک هێنا.

ئەمیر بەدرخان لە تەبعید لەکاندی (جزیرەی کرتو دیمەشقبو لە سالی ۱۸٦۸ مەسیحی هەرلەوێ وەفاتی کرد. (میژوی لوتفی پەرەی ۲۲۷).

بەدا خەوە دو کوری بەدرخان پاشا بە ناوی (ئەمیر ئەمین عالی و ئەمیر مدحەت بەگ‌لە سالی ۱۸۸۹ مەسیحی لەکەمینگاداگیران و کوژران، ئەمیر ئەمین عالی و کامران عالی بەدرخان و سەناتور عەبدولقادربن شیخ عوبەیدیلا نەهری شاهی شەمزین چەن کسیتر (کورد تەعالی جەمعییەتی) یان سازداو لەدوای ئەمانەش (جە معییەتی فیرقەسی) و (کورد تەشکیلاتی ئیجتیماعیە جەمعییەتی) پێک هینران. بەڵام کاتێ مستەفاکە مال پاشا قوستەنتەنی یەی گرت‌ئەو جە معییە تانە بلاّوکران، بەڵام نەتەوەکورد، لەخەبات و چانیان نەداولە ۱۹۲۷ مەسیحی لە سەردەمی پێک هێنانی کومەیتەی (خۆیی بون)دا ئەو مە کوو جەمعییەتانە یان هەمو لە (خۆیی بون) داکۆکردەوە.

نوکتە: مەسەلەی موسل (کمیسۆنی تەحقیق مورەکە بلەکونت پ، تیلیکی. م. ویرسین، وسەرهەنگ پائولیس) بە شورای سازمانی میلەل لە میژوی ۱٦ ژوئیە ۱۹۲۵ مەسیحی رای گەیاند کە سازمانی میلەل بۆ ماوە ۲۵ ساڵ بە سەر ئەم مەڵبەندە دا

Dr.Saleh Ebrahimi



قەیمومەتی هەبێ، کارو باری ئیداری و قەضایی و فێرکردن لەم مەلبەندە دا ئەبێ بدرێتە دەس خودی کوردان و زمانی کوردی بە ناوی زمانی رەسمی و باوی ئەوێ بناسرێ. بەر لەوەی ئەمە بخرێتە بەرلێکۆڵینەوەو نەتیجەی لێ بگیر درێ لە (فەوری یەو ئاوریلی ۱۹۲۵ مەسیحی) را پەرینی شیخ سەعید دەسی پێکرد ئەمە بیروڕای ئینگلیسی واڵی کرد کە موسل بە عێراقەوە بلکێ.

لە فەوری یەی ۱۹۲٦ مەسیحی سەرۆک وەزیرانی عیراقلە مەجلیسی شورای ئەو ولاتەدا لە بەغاوتی: (**ئێمە ئەبێ ماف و حوقوقی کوردان بدەینە دەس خۆیان**، کار بە دەسی ئیداراتی **خۆیان لە خویان** بێ، زمانی خۆیان ئەبێ بە ناوی زمانی رەسمی و باوی خویان بناسرێ و منداڵانی کورد لە فێرگە و فێرانگۆ و زانینگەو زانکۆکا ندا بە زمانی کوردی بخوێنن.

دوای سەرکوت کردنی راپەرینی شیخ سەعید لە ۲۵ تا ۱۹۳۰ مەسیحی ئارامبونێکی رواڵەتی لە تورکیا هەبو، تا لە بەهاری ۱۹۲۷ جەمعییە تێک لە یەکێ لە گوندەکاندا بە ناوی (خوێی بون) پێک هات، هەمو ئەندا مانی، خۆیی بون و سوێندیان خواردتا سەر بەستی و ئازادی کوردستان لە سەر راپەرین بەردەوام بن.

ژەنراڵ ئیحسان نوری پاشاکە ژەنرا لێکی قەدیمی بو لە ۲۱ مارس ۱۹۲۰ مەسیحی راپەری و ئاڵای لەئاگری داغ هەلدا ولە ۱۳ تا ۲٦ مای ئەم راپەرینە هەمو کوردستانی تورکیای تەنیەوەو تا یەک سێوەمی خاکی تورکیای گرتە بەرو تا سالی ۱۹۲۵ ئەو راپەرینە بە سەرۆکایەتی ژەنراڵ ئیحسان نوری پاشاهەربە ردەوام بو، بەڵام بەداخەوە ئەم راپەرینەش تێک چو، ئەڵێن: لە ۴ یا ۷ دیون (: سپتامبێر ـ ی) ۱۹۲۵ شیخ سەعیدیان بە ۵۲ کە سەوە کوشت،لە ۲۸ سپتامبێر دیون ۱۹۲۵ زیاتر لە ۹۳ کەسی تریان لەکوردەکان هەر لە دیار بەکر کوشت.

لە ۲۳ ژانویە ۱۹۳۲ مەسیحی تورکی وەسمانی لەگەڵ ئێران نێزیک بوەوەو سنورێ تازەیان بەدژی کورد سازدا.

خالد بەگ جەبرانلی هەمو کومەیتەکانی را پەرینی ئاگادار ئەکرد، کە یەک لەوان

Dr.Saleh Ebrahimi



کومەیتەی دیار بەکر بۆکە شیخ سەعید را بەری بو.

لەهیرشی تورکێ بو سەرکوردستان زیاتر لە ١٥٢٠٦ کەس کوژران و ٧٨٥٨ خانو برە سوتێنران و ٢٠٦ گوند وێران کران.

رەشید عالی گەیلانی کورد، لە ١٩٤١ مسیحی بەدژی ئینگلیسە داگیرکەرەکان راپەری ولەمانگی سپتا بەردا بوەسەرەک وەزیرانی ولاتی عێراق دوای سالێک کوژراوەو بەرەگەز، ئەچێتەوە سەر حەزرەتی شیخ عەبدولقادر کورد-ی گەیلانی (غەوثی ئەعظم)، حەزرەتی شیخ عەبدولقادر لە ١٠٩٦ زاینی تەریقەتی قادری دامەزراندوەو بەپیری گەیلانی لای کرماشان یا جیلانی بازی ئەشهەب و غەوسی ئەعظم بەناو بانگە، (پەرەی ٤٢٠ و. نیکتیین). بەر لە رەشید عالی گەیلانی ژەنرال بەکر صدقی کورد ،کودیتای کردوە و هەروەها نورەدین مەحمودیش کورد بووە. (بروانە کتێبی وامبێری بەناوی ئەخلاق و ئادابی مەشریق زەوین چاپی ١٨٧٦ مەسیحی برلین، وکتێبی بیتنیرو پەرەی ٣٢٠ و. نیکتیین. میژوی کوردو ئەرمەنی نوسراوی ئاگوب شەهباز چاپی ١٩١١ قوسنەنتەنی یەومەقالەی حیرانیک چاپی قوستەنتەنی‌یەی سالی ١٩٣٠ مەسیحی. بەوتەی مینوریسکی و شوون وئادامف، ویگرام. و. نیکتیین پەرەی ٤٠٥).

لەمیژودا نوسراوە: دوای تێشکانی رۆمیان: (تورکی وەسمانی) سەرانی کورد کۆ بونەوە و لە ١٩١٩ مسیحی لە (کە هتا) کاربە دەسانی ئینگلیسی لە حەلەبەوە چونە نیو ئەو کۆ بونەوە بۆفریودانی کورد، بەلێنی بەکوردەکانداکە لە لایەن موتەفیقینەوە، ویستی‌نە تەوەیی کورد لە بەر چاو دەگیردرێ.

Dr.Saleh Ebrahimi



# دوکتور کامران بەدرخان

بەرێز دوکتور کامران بەدرخان نوێنەری عالی کوردستان ئەم زانایە دەستێکی بالای لەوەرگێڕانی ئایەت و حەدیسی پێغەمبەری مەزنی ئیسلامدا هەبوە، بۆ هێنانە سەر زمانی کوردی. **خزمەت و راژەی ئەو زانایە** بەفەرهەنگی جیهانی ئیسلامەتی ئەمانەن:

١ ـ تەفسیری قورئانی کەریم بە زمانی کوردی، ٢ ـ چەن دەرسێک لە بابەت شەریعەتی ئیسلامەوە بەکوردی، لە **١٩٣٨** مەسیحی لە دیمەشق لەچاپ دراوە. چەن دەرسێک لە بابەت دیانەت و ئەحادیسی پێغەمبەرەوە بەکوردی.

**دوکتور کامران بە درخان** کوڕی ئەمین عالی بە درخان هونراوەی هۆنەرانی بەناو ناوداری جیهانی وەکو (لامارتین) هێناوەتە سەر زمانی کوردی ولە چاپی داون. لەسەرەتای جەنگی یەکەمی نێوگەلانی لە ئەلمان دەژیاو لە پاشان چۆتە فەرانسەو. لەسالی **١٩٤٨** مەسیحی کەلە زانکۆی (سوربون) لە پاریس دەرسی ئەوتەوە، رۆژنامەیەکی بۆ ناساندنی کوردی بە زمانی فەرانسەوی بلاو ئەکردەوەو تا **١٣** ژمارەی چاپ کراوە. ئەو پیاوە زانایە، بەر لە مردنی وەصیەتی کرد لە دوای مەرگی ئەو، دارایەکەی تەرخان بکرێ بۆ ساز کردنی فێرانکۆیەکی فەرهەنگی بەناوی فێرانکۆی (بەدرخان ـ کوردستان) کە لەوێ درێژە بەکارەکانی ئەوبدرێ.

لە رۆژی چلەی مەرگی دا لە زانکۆی (سوربون) لە پاریس کۆڕێک بۆ رێز لێگرتنی ئەوزانا دلسۆزە کوردە پێک هاتبو، پیاوە پایە بەرزەکانی زانکۆ و هەندێ لە هاوال دەرەکانی رۆژنامە بە ناو بانگەکانی فەرانسەوی لەو کۆڕەدا بە شداریان کرد بوو یادی خێریان لە تێکۆشانەکانی ئەو زاناکوردە کردبو.

لە دوایی دا سەروکی زانکۆی سوربون وتی: داخی گرانم ئەو زانایەمان لەکیس چوو هیچشیمان لە دەس نایە، هەزاران درود و سلاوئە نێرین بۆگیانی پاکی ولە خوا داوائەکەین بیباتە بەر رەحمەتی خۆی. ئەم زانا مەزنەکوردە، نێزیکەی ٨٣ سال عومری کروە و لە ١٣٩٩ی مانگی وەفاتی کردوەو بە راستی سەرتا سەری تەمەنی خۆی لە

Dr.Saleh Ebrahimi



پیناوی راژەو خزمەت کردن بە فەرهەنگی کورد و بەرز کردنەوەی پلەو پایەی تێگەیشتنی نەتەوەی کورد، رابواردەوە.

دوکتور کامران بەدرخان ماوەیێک لە زانکۆی دیمەشقی سوری یەدا زمان و فەرهەنگ و مێژوی نەتەوەی کوردی بە زانایان ناساندوە.

ئەم مرۆفە ئازاو زاناو مەزنەکە زمانزانێکی مەزن بووە لە سالەکانی ١٩٤١ تا ١٩٤٤ مەسیحی بە هاوکاری برای خوا لێخوشبوی خۆی: (جەلادەت عالی بەدرخان) گۆڤاری (هاوار)وە (رۆناهی) لەدیمەشقا لە چاپ داوە رۆژنامەی (رۆژانوێ)ی، لە بیروتا بە (زمانی کوردی و فەرانسەوی)، بلاوکردوتەوە.

لە نێوان سالەکانی ١٩٤٣ تا ١٩٤٥ مەسیحی رۆژنامەی (ستێر) یا ئەستێرەی بلاو کردوتەوە، بەشێکی بە جەنگی نازی یەکان پڕەوە کردوە و ئەو جەنگەی تێدا شی کردوتەوە. **کارە فەرهەنگی یەکانی دوکتور کامران بەدرخان ئەمانەن:**

١ ـ نوسینی (ریزمانی کوردی) چاپی ١٩٥٦ دیمەشق.

٢ ـ ئەلف وبێی وێنەداربۆ تازە خوێندەواران چاپی ١٩٣٨ دیمەشق

٣ ـ رێزمانی کوردی بە فەرانسەوی چاپی ١٩٥٣ پاریس.

٤ ـ فێرکردنی زمانی دایکی (:کوردی) بۆ تازەکاران چاپی ١٩٦٨ دیمەشق.

٥ ـ چلۆن کوردی فێربین ١٩٦٨ چاپی عام دیمەشق

٦ ـ زمانی کوردی بە کوردی و تورکی بەهاوکاری س، شنان چاپی دیمەشق سالی ١٩٧٦ مەسیحی.

٧ ـ قاموسی کوردی فەرانسەوی کە زیاتر لە ٩٥٠٠٠ واژەیە.

٨ ـ تەرجەمەی هەلبژاردە یەک، لە جوانترین هۆنراوەی هۆنەرانی جیهانی بەزمانی کوردی ١٩٧١ دیمەشق.

٩ ـ چارینەکانی خەیام بە کوردی چاپی ١٩٣٢ دیمەشق

١٠ ـ ئالای کوردستان پاریس ١٩٧٦.

١١ ـ دیوانێک لە ١٩٣٢ مەسیحی دالە دیمەشق چاپ کراوە و بەر لە مردنی هەمو

Dr.Saleh Ebrahimi



هۆنراوەکانی خۆی کۆکردەوە، بەڵام نەپەرژا، لە چاپی بدا لە دوای مردنی هاوالەکانی بە ناوی دواهەمین وەسایە بۆکوردستان لە یەک بەرگا بۆیان لە چاپ داوە.

**دوکتور کامران بەدرخان** هەندێ چریکەو پەندی پێشینان و گۆرانی کوردی، هێناوەتە سەر زمانی فەرانسەوی و ئالمانی وەکو ئەمانە:

١ ـ پەند و مەتەلی کوردی و تەرجەمەی ئەوانە بەزبانی فەرانسەوی بە هاوکاری (لوسی پول مارگریت) پاریس ١٩٣٨ز

وەرگێرانی هۆنراوەی کوردی بۆ ئەلمانی بە هاوکاری (فون و ندرلینج) برلین ١٩٣٥ز.

٣ ـ هۆنراوەی غەنایی کوردی بە فەرانسەوی پاریس ١٩٧٣ز ئەم شەرحە حاڵەی دوکتور کامران بەدرخان، برای زاناو دلسوزم کاک سەید محەمەد ـ ی سەمەدی بەدیاری ناردبوی تالەگۆفاری گرشەی کوردستان لە چاپ بدرێ ژمارەی یەکەمی، گۆفاری گرشەی کوردستان لە ١/٣/١٩٨١ ز ـ بە سەرنوسەری و بەرپرسی دوکتور محەمەد صالح ئیبراهیمی (شەپۆل) لە تاران لە چاپ دراوە و تا ٩ ژمارەی لێ بڵاو کراوەتەوە. بڕوانە کتێبی ژیناوەری زانایانی کورد یاگە نجینەی فەرهەنگ و زانست بە قەلەمی (شەپۆل) چاپی ١٣٦٤ تاران.

Dr.Saleh Ebrahimi





بەرێز دوکتور کامران بەدرخان نوێنەری عالی کوردستان.

Dr.Saleh Ebrahimi



# عەبدو رەزاق بەدرخان
# ۱۸٦٤ـ۱۹۱۸ز

عەبدو رەزاق بەدرخان کوری محەمەد نەجیب پاشایەو لە ۱۸٦٤ز ـ لەئەستە مبوڵ لە دایکبووە و دوای پێگەیشتنو خوێندن، کوردایەتی کردن لە حاجی قادری کۆیێ فێربووەو زمانەکانی رۆژهەلآتی و ئوروپایی باشلای زانایان فێربووە وگەرەکی بووە بۆخوێندن بچیتە پاریس، بەلآم سولتان ئەولحەمید ـ ی ۲ ـ ئیجازەی پێ نەداوەو لەپاشان لە باڵوێزخانەی عوسمانی لە پترسبورک بەناوی سکرتێری ۳ و پاش ماوە یەک لە باڵوێز خانەی عوسمانی لە تاران بە سکرتیری ۲ دەس بەکاربووە. ـ تورکی عوسمانی بەدڵ لەبنە ماڵەی بەدرخانیان دەترساو هەمیشە لەبیانو گرتندابو، جائەوە بووە ویستیان عەبدو رەزاق بەدرخانە بخەنەگیر، بەلآم ئەو روی کردە روسیە و لە وێوە بۆئینگلیس کە سەرەنجام بە زۆری تورک بۆ محەمەد نەجیب پاشا، عەبدو رەزاق گەراوە، ئەستەمبول و لەبن چاوە دیریدا، کرایە یارمەتی دەری سەروکی تەشریفاتی کارو باری باڵوێزخانەکان، لەکۆشکی خەلیفەلە ئەستەمبوڵ. لە ۱۹۰٦/۳/۲۲ز ـ بووە، هوتا عەبدو رەزاق بەدرخانە و عەلی شامیل بەدرخان سەروکی ناوچەی ئوسکۆدار، لەگەڵ هەندێ کوردی ناو بەدەرەوەی دیکە، بە تۆمەتی کوژرانی رەزوان پاشا، لەژێر چاوە دێریدا، بۆشاری تەرا بلوسی لیبیا، شاربە دەرکران. بەدرخانیان بیانوی ئەوەویشیان لەسەر بوکە رێکخراوی (ئیرشاد)یان سازدا بوو سەرکردایەتی راپەرینی بدلیس، یان کردبو. لەسەرکردە ناودارەکانیان: (حەسەن فەوزی بەدرخان، حوسێن کەنعان بەدرخان و سلێمان بەدرخان بون و حەسەن و حوسێن بەدرخان لەنێوە راستی ۱۹۱۳ز ـ دا، بنکەیەکیان بۆ راپەرین بەدژی عوسمانی لە بۆتان و ترابوزان سازدابو و لەگەڵ شێخ مەحمود مەلیکی کوردستان پیوەندیان گرت و قەراربو، پشتیوانی روسیە بۆلای خۆیان رابکێشن و ئەوساراپەرن وبزاو، دەس پێ بکەن، کە بەداغەوە جیایی و دوبەرەکی کەوتە نێوان بەدرخانیان و حوسین کەنعان بەدرخان و یوسف بەدرخان بەدژی چالاکی یەکانی عەبدو رەزاق بەدرخان لەروسیا،

Dr.Saleh Ebrahimi



رەقراوەستان. بەدرخانیان کەدیتیان ئالمان لەنێو دەوڵەتی عوسمانیدا تەشەنەی کـردوە، خۆیان لە روسەکان نێزیک کردوەو لایان وابوو روس، بۆ ئازادی،کورد، یارمەتیان، **دەداودەوڵەتیکی کوردی سازدەدەن.**

**عەبدو رەزاق بەدرخان** کە لەگەڵ (چاریکوف) بالوێزی روس لە ئەستەمبول، ئاشنایی پەیداکردبو، لەتەرابلوس،گەرایەوە، بۆ ئەستەمبوڵ و لە ٨ کـانونی ٢ سـاڵی ١٩١٠ز- خۆی گەیاندە بدلیس و هەندێ کە سـایەتی روس پێشـوازیـان‌لێ کـردو عـەبدو رەزاق بەدرخان لە ساڵانی ١٩١٠ تا ١٩١٣ز- شێرانەو بوێرانەو توندو تولانە بۆدامە زراندنی **کوردستانی سەربەخۆ** لەژێر چاوەدیری روسیە، مرۆیانە تێکۆشاوە، بۆوێنە، لەشاری وان کە چاوی بە (ئولفیریف) بالوێزی روس کەوت، فرە بە ئاشکرا، ئەوەی پێی راگـەیاند، بەلام **روسیە رازی نەبوکەدە و لەتی کوردی سەر بەخۆ،** دابمە زرێندرێ. (برۆواننە حامید مەحمود عیسا، قەزیەی کورد، لە تورکیا، چاپی ٢٠٠٢ز- قاهیرە، بە نـەقڵ لەو تـاری سەلاح هروری پەرەی ٣٠٧ تا ٣١٤ کتێبی کۆنگرەی یاداوەری سەد ساڵەی بـارزانی نەمر، بەشی یەکەم چاپی ٢٠٠٤/٣/١٤ز- هەولێر).

**عەبدو رەزاق بەدرخان** لەو ماوەدا لە نێوان شارەکانی (بدلیس، ماکو، خۆ، قۆتـور، وان، ورمێ و تەورێز) لە هاتوچۆ دابووە و چاوی بە **شێـخ عـەبدو سـەلام، بـارزانـی** (١٨٨٤-١٩١٤ز-) و سمکوێ مەزن (١٨٩٥-١٩٣٠ز-) و سەید تاهاکوری شێخ **محەمد، صدیق‌بن مەلیک غازی شێخ عوبەیدیلای نەهری شاهی شەمزین،** کەو تـووەو تەگبیر و مەشوەرەتی لەگەڵیاندا کردوە، **بۆسازدانی دەوڵەتی ئازاد و سەربەخۆی کورد و** کوردستان. عەبدو رەزاق دەلێ: (چیرکۆف)ی روسی لە بابەت شێخ عەبدو سەلام بارزانی لەمنی پـرسی **لەوە لامدا وتم: شێخ عەبدو سەلام کە سایەتیکی مەزنە** و جێی خۆیـەتی پشتگیری بکرێ (برۆواننە: Cankurd: jederedere. شێخ عەبدو سەلام بارزانی لەرا پەرینی بدلیس‌دا لە ١٩١٣ز- بەشدار بووەو عەبدو رەزاق و سمکۆی مەزن ویستویانە پشتیوانی روسیە، بۆخۆیان وەر بگرن (جەلیلێ چەن لاپەرە لە بـزاوی عـەبدو رەزاق بـەدرخـان، بەرگی ٤) **عەبدو رەزاق دەیویست بە یارمەتی سەییدها و سمکوێ مەزن** سپای تـورک

Dr.Saleh Ebrahimi



لەو ناوچە سنوریە، دەسکردانەی ئێران و تورکیا، دەربکا و خۆیشی بۆرزگارکردنی بۆتان بکۆشێ، بەڵام روسیە کە دەیزانی **ئێران و عوسمانی و دەوڵەتی ئەلمان**، دامە زراندنی دەو ڵەتی کوردستانیان پیی خۆش نیە، یارمەتی کـوردی نـەداو خۆیشـی، لەدەوڵەتـی سـەر بەخۆی کورد خۆشی، نە دەهات. هەرچەند عەبدو رەزاق بەدرخـان لە چـاوپێکـەوتن لەگەڵ (سازا نۆف) وەزیری دەرەوەی روس لە ١٩١٣ز- لە پەترسبۆرگ و هـەرواله دیتنی (فورونتسوف داشکوفی) جێگری کۆنسولی تەزارلە قەفقاسیا، لە تبلیس ولەدیتنی (کلیمی) سەرۆکی بەشی رۆژهە لاتی نافین، فرە بە تێروانی و بە ئاشکرا داوای لێکردن کە پشتگیری لە دامە زراندنی دەوڵەتی کوردی، بکەن و تە نانەت رایشی گەیاند، ئەگەر روسیە بەدە نگیەوە، نەیێ، لەوانەیە، روبکاتە، ئەلمان. **عەبدو رەزاق فرەزیرەکانە وژیرانە** پێوەندی لەگەڵ سەرانی کورد و (پترۆس) سەرۆکی ئاسۆریەکان و پارتی ئازادیخوازی تورکیش، سازدابوو خۆی قەوی وپڕهێزکردبو و سمکۆی مەزنیش مێرانـە پشـتگیری عەبدو رەزاق بەدرخان -ی، بەدژی عوسمانی دەکرد. تورکی عوسمانی فرە تێکۆشا بە **رەشەکوژی** عەبدو رەزاق لەنێو بەرن و تەنانەت رۆژنامەکانیان هاندابو کە دەیان نوسی عەبدو رەزاق بەدرخان لەئیسلام وەرگـە راوە و دەیـەوێ لە ژێـرچـاوە دیـری روسـی دەوڵەتی کوردستان سازیدا تالە نێو موسوڵمانانی کورد، بە دنێـوی بکـەن ودەیـان وت عەبدو رەزاق و شەمزینیو ئەو دەرسیمیانەی یارمەتی عەبدو رەزاق بـەدرخـان دەدەن لەئیسلام وەرگەراون.

## گۆڤاری کوردستان

عەبدو رەزاق بەدرخان، بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی روناک بیری لەکوردستاندا، کۆمە ڵەیەکی روناک بیری کوردی و لە چاپ دانی کۆڤارێکی کوردی بۆ بلاوکردنەوەی بیرو باوەری کوردایەتی کـردن دامـەزرانـدو لەسـاڵی ١٩١٢ز- لە شـاری خۆگـۆڤـارێکـی مانگانەی بە نـاوی کـوردستان لە چـایدا و بلاوی کـردەوەو نـوسینی ئـەو گۆڤـارە تـا هەلگیرسانی شەری دوەمی نێوگەلانی لە ساڵی ١٩١٤ز- بەردەوام بوو سمکۆی مەزن و (چیرکۆف) کونسولی روس لە شاری خۆ، پشتیوانیان لە عەبدو رەزاق دەکرد. هـەروا

Dr.Saleh Ebrahimi



**عەبدو رەزاق بەدرخان** (کوّمەڵەی فێربونی (: جیهاندانـی) لە شـاری خوّ، لە ١٩١٣ز- دامە زراندو زوّربەی دەولەمە ندو سەرانی کورد، چونە نێو کوّمەڵە، بوّوێنە کەسانێ وەکو سەییدهای نەهری، سەعید بەگ، موسا بەگی سەروّکی خێڵی کورجیکان و شوکرا غای گرافی و زوّرکەسیش یارمەتی ماڵیان بەکوّمەڵە کردوە وکەسانێ وەک **شێخ عەبدو سەلام بارزانی و مورتەزاقولی خان، سەرداری ماکوّ**، پشـتیوانـیان لە (کوّمـەڵەی جـیهاندانـی) کردوەو کوّمەڵە گوڕوتنێ فرەی پەیدا کردبو. عەبدو رەزاق بەدرخـان هـەروا لە سـاڵی ١٩١٣ز- داوای لە روسیە کرد، تا (ئوّربیللی) بنێرێتە کوردستان، تارێزمان و واژەنـامە یەکی کوردی، دابنێ و وێژە و وەیژەوانی روس بکاتە کوردی، کوّمـەڵە لەسـەرە تـای **١٩١٣ز- لە شاری خوّ فێرگە یەکی**، سازدا، کە بەرەسمی و ئاهەنگێکی گەورە لە ٢٣ تەشرینی یەکەم بە ئامادە بونی کە سایەتی گەلیّ لە کوردو روسەکان، زەنگی چونە سەر کەلاسی دەرس، لێدرا. هەڵسورێنەری فێرگەو عەبدو رەزاق بەدرخان و سمکوّی مەزن بەو بوّنەوە قسەیان کرد، عەبدو رەزاق لەبارەی پێدا ویستیە کانی ئەو فێرگە، قسەی کرد، بەلاّم سمکوّی مەزن سپاسی لەدەولەتی روسی کرد. کە بوّ سازدانی ئەو فێرگە، پشتیوانی لە نەتەوەی کورد، کردوە و سمکوّی مەزن، راسپێردراوە تازە کات و یارمەتی بوّ بـەرنامە کانی ئەو فێرگە، کوردیە، کوّبکاتەوە. ژمارەی خوێندە وانان لەو کاتەدا (٢٩) مـناڵ و مێرمناڵبون و بەزمانی شیرینی کوردی دەرسیان خوێندوە، کە بە ئەلف و بێی کـوردی لەسەر بنەرەتی ئەلفو بێی روسی، دانرابوو. دارتاشی خەیاتی و درومـان، ئـاسنگەری، بیرکاری، وە... دەخوێندرا دیارە کەرەستەی پێدا ویستیش بوّفێر کردن سازدرابو. مێژو، جوغرافیا و زمان و ئەدەبی کوردی فێری خوێندە واران، دە کـراو دەرسـی فێـرکردنی زمانی روسیش، دەوترا. لە حەوشەی فیرگە، کە دا، نەخوّشخانە و دەرمانخانە یەکـیش سازدرابو، کە مروّفێکی روسی کوردی زان، سەرپەرەستی دە کردن و (چیرکوف) داوای لەروسیە کردبو تالە ناوچە کوردنشینە کانی دیکە، فێرگە بوّ خوێندن دابنرێ و موعەلیم و فێرکار فێربکرێ تا باش بتوانن دەرس ببێژ ن و بوّئەوەیش لاوانی کوردی بچنە یەریفان. **حوکومەتی ئێران و عوسمانی بە جوتە**، دەسیان کرد، بە چاورا داخسـتن و دەیـانوت:

Dr.Saleh Ebrahimi



**عەبدو رەزاق و سمکو، دەیانەوێ کورد، بکەنە** مەسیحی و لەئیسلام وەریـان گێڕن و لەم لایشەوە بۆ فریودانی کورد، بەدرۆ، عوسمانی رای دەگـەیاند پـارە ودراوێکـی فـرەی تەرخان کردوە کە دەیەوێ فێرگە و فێرانکۆی کـوردی لە نـاوچەی وان و... سـازدەدا. (کولرشتین) کونسولی ئەلمان لەشاری موسڵ، رای گەیاند، کە ئەلمان لە دامـەزرانـدنی فێرگەی کوردی لە ناوچە کوردنشینە کانی عوسمانی پشتیوانی دەکا. نەک لەوانەی کە بەپشتیوانی روس دامەزراون و **بەلژیکیش هەروا دوژمنی دەکرد** لەدا مەرزاندنی فێرگەی کوردی و لەرێگای کۆنسولگەری یەکانیەوە، بەکوردانـیان، رادەگـەیاند، زەکـات و یارمەتی بە و فێرگانە، نەدەن کە روس داینـاوە. فرە زودەر کەوت کە عوسمانی و ئەلمان لە سازدانی فێرگە و فیرانکۆ، بونە تـەوەی کـورد، درۆیـان کـردوە و نـایانەوێ خـزمەتێ وابە کورد، بکەن، بەداخەوە، ناکۆکی لەنێوان عەبدو رەزاق بەدرخان و سمکۆی مەزن، سەری هەڵدا، سمکۆی مەزن، لای وابو، ئەو پوڵ و دراوە کۆکراوە، دەبێ. بۆپەرەدان بەفێرگە و خوێندەواری خەرج بکرێ و عەبدو رەزاقیش دەیویست لەکزی وکە نەفتی عوسمانی کە لکەوە ربگرێ و پوڵ و دراوە کۆلکراوەکان بۆسازدانی هێزی شەروانـی چەکداری کورد، خەرج بکاو بەگژ عوسمانیدا بچێودە و لەتی کوردی سازبدا، دیارە بارو دۆخی شەڕی یەکەمی ناوگەلانیش نەخشی لەو ناکۆکیەی کوردا، هەبووە. دوای ئاڵوز بونی نێوان ئەو دورابەرە، عەبدو رەزاق چووە پەتروسبورگ و داوای پشتیوانـی کردن لە روسیە کرد، تا بتوانێ کارە سیاسەکانی بە ئەنجام بگەیێنێ، بەلاّم روسیە پشتیگری نەکردو عەبدو رەزاق تا سەرە تای جەنگی یەکەمی نێوگەلانی لە پەتروسبورگ، ماولەوێ چاوی بەرۆژهەلاّتناسانێ وەکو (ن،ی،مار) و (ئوربیللی) کەوت و لە بـابەت خوێـندن بەکوردی و پیۆەندی نێوان کوردو روسیە، قسەی لەگەڵدا کردن و ئەوە بوو روسیە لە پەترۆسبۆرگ خویندگەی بۆپەرەدان بەزمان و ئەدەبی کوردی، دامەرزاندو ئۆبیللی بووە مامۆستای و لە پاشان هەرلەو شارە بەشی خوێندن بەزمان و ئەدەبی کوردی، کرایـەوە. **بەداخستنی فێرگەی کـوردی لە شـاری خۆ**، عـەبدو رەزاق بـەدرخـان لە **٢٥** شـوباتی **١٩١٥**ز- **٢** پێشنیازی دابە روسیە - **١** - سازدانی ئەلف و بێ کوردی لەسەر بنەمای،

Dr.Saleh Ebrahimi



زمانی روس، کە دیارە پیتی روسی یارمەتی بەخوێندەوارانی کورد، دەداتا ئاسان بە زمانی روسی و فەرهەنگی روسیە، ناسیاوبین ـ دوەم پێشنیازیشی ئەوە بو تا (ئوربیللی) بنێرنە کوردستان، تائەلف و بیێ کوردی و واژەنامە یەکی کوردی، دابنێ و زمان و ئەدەبی روس بکرێتە کوردی و ئەو ٢ پێشنیازە لە بتلیس، نوسی ودا ی بەکاربە دەسانی روس.

دیارە، دەبێ بزانین: کۆمەڵەی (جیهاندانی) و فێرگە، کوردی یەکەی، شاری خۆ، یەکێ لەو دەس کەوتە مێژووانە بووە، کە بە بیروهزری عەبدو رەزاق بەدرخان و بەهاوکاری سمکۆی مەزن، دامە زراوە و نەخشێ گرینگی لەبێدار کردنەوەی کورد، بۆکوردایەتی کردن، هە بووە، هەرچندە، تەمەن کورت بون. نەقڵ لە و تاری سەلاح هروری بەکورتی سەر چاوەی بەرو (شەپول). دوکتور کە ماڵ مەزهەر، دەڵێ لە مەهاباد لە ١٩١٤ز ـ گۆ فارێک بە ناوی کوردستان لە لایەن میسیۆنێرە ئەلمانیەکان لە چاپ دراوە، جاکە وابێ ٢ گۆفار، بەناوی کوردستان ١ بە هۆی عەبدو رەزاق بەدرخان و هاوکاری سمکۆی مەزن و چیرکۆف لە خۆ لە چاپ دراوە و دوەم ٢) گۆفاری کوردستان کە لە مەهاباد بەهۆی میسیۆنێرە ئەلمانی یەکان لە چاپ دراوە و هەروا ر رۆژنامەی کوردکە لە ١٣٤٠ مانگی لە ورمێ بە خەرجی سمکۆ و بە یارمەتی عەللامە، مامۆستامەلا محەمەد قزلجی چاپ کراوە. بروانە گۆفاری گرشەی کوردستان بە زمانی کوردی کە یەکەم ژمارەی لە ١٩٨١/٣/١ ز ـ لە تاران، بە سەرنوسەری و بەر پرسی (شەپۆل) لە تاران تا ٩ ژمارەی لێ چاپ کراوە.

**بەدرخانیان، بەدرخان پاشا** کەلە ١٢٢٧ لە تەمەنی ١٨ساڵیدا بۆتە پاشای جزیر و بۆتان و لە ١٢٣٢ داکە هێزێ فرەی سەند، دەسی کرد بەکیەتی کردنی نەتەوەی کورد و کوردایەتی، دەکرد، کە بەجوانی باسمان کردوە.

ـ میرعێزە دین شێر، برازای بەدرخان پاشاکە سپاسالاری جەنگی بەدرخان پاشا بو و فریوی تورکی عوسمانی خواردو خەیانەتی بە مامی کردو بووە هۆی تێشکانی بەدرخان پاشا و دوایی راپەری و بووە حاکمی بۆتان و بۆماوە یەک سەربەخۆژیا، تالە ساڵی ١٢٧١ مانگی عوسمانی شەڕی پیێ فرۆشت و بەقوڵ بە ست زیندانی کراولە پاشان

Dr.Saleh Ebrahimi



عەفوی بۆدە رچوو بە ناوی میری میران کرایە حاکمی ناوچەی (یانیە) لە وڵاتی ئالبانی و لەساڵی ١٢٢٨۴ لەوێ مرد. لە ١٢٩۴ مانگیدا، لە نێوان روس و عوسمانیدا بوبە شەڕ، دەوڵەتی عوسمانی، تکای لە عوسمان پاشا و کەنعان پاشا، کورانی بەدرخان پاشاکرد، تا لەشەڕ بە دژی روس یارمەتی عوسمانی بدەن و ئەوانیش ئەوەیان بە دەرفەتێ باش زانی و دوای راو تەگبیر لەگەڵ ژمارێ لە ئەفسەران و سەرانی کورد، یەکیان گرت و لەساڵی ١٢٩٧ بودامە **رزاندنی حوکومەتی ئازاد و سەر** بەخۆی کوردستان خۆیان گەیاندەوە جزیرە و کوردستانی سەر بە خۆیان، راگەیاندو تا جوڵە میرگ، ئامێد، زاخۆ، ماردین و نەسبین ـ یان هێنایە، بن‌فەرمانی خۆیان و چەن جارهێرشی تورکی عوسمانیان، بەرپەرچ دایەوە و عوسمان پاشا تاجی پاشایی لەسەرناو لەبان میمبەری مزگەو تانەوە خوتبەی بە ناو دەخوێندرا، تێشکانی یەیتا پەتیای عوسمانی و پەرەگرتنی دەسەلات و هێز،عوسمان پاشای بەدرخانی، پشوی لە سوڵتان ئەولحەمید (ـ ١٢٩٣ و خەلع ١٣٢٧ مانگی) ساند بوو لەوانە بو، دیق بکا، بە ناچار سەری بۆکوردان چەماندەوە و دەستوری دا زیندانیانی بەدرخانی و دۆست و ئاشنایان، ئازاد بکرێن و درگای ئاشتی و سازانی کردەوەولە رێگای نامە نوسین و هەرواله رێگای ئەو بەدرخانیانەی کەلە ئەستەمبوڵ دەژیان، عوسمان پاشایان والێکرد تابچێتە ئەستەمبوڵ هەر چەند عوسمان پاشای بەدرخانیان دڵی ریێ نەدە دا، بچێتە ئەوێ و لای وا بوو فرو فێڵی لێدەکەن تابیخەنە داو، بەڵام سەرەنجام لەگەڵ کەنعان پاشای برای چونە ئەستەمبوڵ و دوای ماوە یەک وتوووێژ، هەردوکیان بە قۆڵ بەستی خرانە زیندان و لە پاشان ئازادکران و لە ئەستەمبوڵ دەس بە سەر و لەبن چاوە دیریدا بون. حوسێن پاشا بەدرخانی برای عوسمان پاشا وکوری بەدرخان پاشا فرە خزمەتی بەبرای خۆی لە حوکومەت داریدا ئەنجام دا.

مستەفا پاشا بەدرخانی یەکێ دیکەلەکورانی بەدرخان پاشا، بە پلەی میرمیران و بێگلەر بەگی لە ناوچە جیاجیاکانی عوسمانی کاری کردوە، تا لە ١٣١۵ مانگی وەفاتی کردوەو بەزمانی فارسی، کوردی، عەربی و تورکی قسەی کردوەو پیاوێ چاکو زاناو دیندار بووە. ـ نەجیب محەمەد پاشا بەدرخانی یەکێتر لەکورانی بەدرخان پاشاکە لە

Dr.Saleh Ebrahimi



ساڵی ١٣٠٢ پلەی میری میرانی پێدراوە و فرە خزمەتی کردوە، تا لە ١٣١٥ لە تەرابولس، وەفاتی کردوە ـ عەبدو رەزاق بەدرخان کوری محەمەد نەجیبخان کە لە ١٣٣٤ بەدەس تورکان شەهید کراوە و لەم کتێبەدا بەجوانی باسمان کردوە. ـ میقداد بەگ بەدرخانی کوڕی میدحەت بەگ و نەوەی بەدرخان پاشاکە مرۆیی زاناودڵسۆزی کوردو کوردستان بوو رۆژنامەی کوردستانی بڵاوکردۆتەوە و لەباسی بەدرخان پاشا ناسراوە. ـ ئەمین عالی بەدرخان کە لە ساڵی ١٣٠٦ لەگەڵ میدحەت بەگی برای هێزێ فرەیان لەکوردانی ئازا و بوێرو سەرانی کورد، لە دەوری خۆیان کۆکردەوە تا بۆ دابین کردنی ماقی رەوای، نەتەوەی کورد، بەرە نگاری حوکومەتی زاڵمی عوسمانی ببنەوە، کە بە داخەوە، بەرلەوەی خۆیان ئامادە بکەن، تورکی عوسمانی هێرشی کردە سەریان و سپای کوردیان تێشکاند و ئەمین عالی و میدحەت بەگی بەدرخانیان قۆڵ بەست کرد، ئەمین عالی یەکەمین حیز بیسیاسی کوردی لە ساڵی ١٣٢٨ مانگی لە ئەستەمبوڵ دا مەزراند بووکە سانێ وەکو فەریق شەریف پاشا، زولکیفل پاشا، شێخ عەبدو لقادر بن شێخ عوبە یدبلای نە هری شاهی شەمزینی لە و حیزبە دابون. ـ ئەمیر سوریا بەگی بەدرخانی کوڕی ئەمین عالی کە مرۆیی زانا و دوربین و کارزان بووە، دوای راگە یاندنی مەشروتە لە تورکیە، لە شاری ئەستەمبوڵ خەریکی چاپ و بڵاوکردنەوەی رۆژنامە بە زمانی کوردی بوو.

ـ میرجە لادەت بەدرخانی کوری ئەمین عالی بەدرخان لە ٢٦ نیسانی ١٨٩٧ز و ١٣١٠ مانگی لە ئەستەمبوڵ لە دایک بووە و تاوە رگرتنی لیسانسی حوقوق و ماف دەرسی خوێندوە، کە دوای دەس بەکاربونی مستەفاگەمال لە تورکیە، بەرە و میسر خۆی دەرباز کردوە و کامران بەدرخان چوٚتە ئەلمان و دوای ماوەیەک جەلادەت بەدرخانی برایشی چوتە لای ئەو. لەو سەردەمانەدا، راپەرینی شێخ سەعید پیران لەکوردستان پەرەی سەندوە و ئەو جوتە برایە لە ئوروپاوە، خۆ دەگە یێننەوە کوردستان و دەس دەکەن بەسپاخر کردنەوەی کوردو دوای تێشکانی ئەو راپەرینە، ئەو دوبرایە ناچار خۆیان شاردەوەو جەلادەت لە ٣٠ ئوتی ١٩٣٠ز خۆی گەیاندە سوریە و تائاخر تەمەن لەوێ

Dr.Saleh Ebrahimi



بەهەژاری دەژیا و رۆژنامەی روناهی وێنەدارو «هاوار»ی بەزمانی کوردی بڵاو دەکردەوە، جەلادەت بەدرخان زمانی کوردی، عەرەبی، تورکی، ئەلمانی، فەرانسەوی، ئینگلیسی و روسی باش دەزانی و لەبارەی کورد و کوردستان بەو زمانانە، شتی نوسیوە و بڵاوی کردوتەوە و لە ساڵی کانی ١٩٣٤ و ١٩٣٦ز. لە دیمەشق لە هونە رستانی سەنعەتی، بەزمانی فەرانسەوی تەدریسی کردوە و مامۆستا بووە و لە ساڵی ١٩٣٩ز ـ لە کۆمپانی ریچ کاری کردوە، سەرەنجام لە ١٥ تەموزی ساڵی ١٩٥١ز ـ و ١٣٧١ مانگی دوای ٢١ ساڵ خزمەت کردن و ژیان لە سوریە، وەفاتی کردوە. ـ باسی دوکتور کامران بەدرخانیش بەجیا هەرلەم کتێبەدا کراوە (سەرچاوە ئەماراتی کورد، ئەمین زەکی، مێژو، دوکتور کە ماڵ مەزهەرو...).



Dr.Saleh Ebrahimi



# ئازیرانی بوختی

حاکمانی ئازیزان کەلە هوّزی بوختی کوردن ئەم خانە دانی ئازیزانە پێتە ختیان لە شاری جەزیرەی عومەر ـ ی کوری عەبدو لعەزیز کوردی بەردە قیتی (بەرقەعید) بووە. شاری جەزیرە لە کە ناری ئاوی دەجلە، سازدراوە و ناوچە گەلێ فرەی هەیە، وەکو ناوچەی «**گورگیل، فنیک، تەنزە، بادان، تورو ئەروّخ**» فەرمانرەوایانی جزیرە دەچنەوە سەرهالّدی (خالیدی) و دین و ئاینی یەکتا پەرستیشیان هەبووە و خاکی بوّتان، جزیرە و بوّتان هەرلە ناوی هوّزی گەورەی کەو نارای بوختی، بوهتی گیراوە. دیارە ئیّستا خەلّکی ئەوناوە موسولّمانن و زاتێ وەکو **عارفی رەببانی مەلائەحمەد جزیر ـ ی** یان لە نیّوخوّیاندا، پێگە یاندوە کەجیێ فەخروشانازی یە، بوّ نە تەوەکورد. یەکەمین حاکمی **موسولّمانی جزیرە سلیّمانی بوختی بن خالید ـ ە کە بە بنیاتنەری حوکومەتی بوختی** عەزیزان (:ئازیزان) دادە نرێ ئەم میرەکوردە لەنیوەی ٢ سەدەی ٧ دە ژیا و ٣ کورێ بەناوی حاجی بەدر. میرعەبدو لعەزیز و میرئە بدالّ، هەبووەو میرعەبدولعەزیز لەجیێ باوکی بووەتە حاکمی جزیرە، میرحاجی بەدرلە ناوچەی گورگیل و میرئە بدالیّش لە فنیک حوکومەتیان گرتوّتە دەس. میرعەبدولعەزیز بن سلیّمان بوختی تا سالّی ٦٨٠ مانگی لە سەر حوکمبووە و فرە میّرانە و مروّیانە لەگەلّ خەلّک هەلّدەستاودا دەنیشت. ئەم میرە ـ ٢ کورێ بە ناوی سەیفەدین و مەجدە دین هەبووە. کە سەیفە دین لە جریز لەجیێ باوکی دانیشت، بەلاّم فرە زو، مەرگ یە خەی گرت و مە جدەدین ـ ی برای بووە جیێ نشین، مەجدەدین **بوختی عەزیزان،** پیاوانە دەسی کرد بە ئاوە دانی و دابین کردنی ژیانی پرلە خیّرو خوّشی بوّخەلّکی و لەو پەرێ شکوّ و مروّفانیدا خزمەتی کرد و سەرەنجام لە ٧٢٠ مانگی وەفاتی کرد و میرعیسای کوری بووە حاکم لە جزیرە و فرە،بوّ ئاوە دانی و دابین کردنی ژیانێ پروتەژی لەخیّر و بەرەکەت بوّ خەلّکی کوّشاو لە نیّوخەلّکدا فرە بەریّز و خوّشەویست بوو سەرەنجام لە ٧٤٠ مانگی وەفاتی کردو میر بە درەدین ـ ی کوری لە جزیرە بووە جێ نشینی باوکی و شەرە فنامە دە لێ: فرە خوو ئاکار

Dr.Saleh Ebrahimi



چاک بووە و دوای ماوەیەک حوکومەت کردن، لە ساڵی ٧٥٥ مانگی وەفاتی کردوە. کورەکەی بەناوی ئەمیر ئەبداڵ عەزیزان لە جزیرە لە جێی باوکی بووەتە، حاکم، ئەمیش مرۆڤێ چاک بووە و لە ساڵی ٧٨٠ مانگی وەفاتی کردو ئەمیر عیزدین عەزیزان ـی کوری لە جزیر بووە حاکم و ئەمیش لە حاکمانی گەورەی جزیرە بووە، جاکاتێ تەیمورە شەلە، بەغای گرت، لەوێوە هێرشی بردە سەر تەکریت و ویرانی کردو هێرشی کردە سەر ناوچەی ماردین، ئەمیر عێزەدین عەزیزان خۆی لەگەڵ یەکخست، بەڵام سەرەنجام تەیمورە شەلە، هێرشی بردە سەر جزیز و تاڵانی کردو ناچار لە نێوهۆزی ئەرۆخی، خۆی شاردەوە، تالە ساڵی ٨٣٠ مانگی لەگۆشەگیریدا، وەفاتی کرد، جادوای ئەو کورە ئەوکورەکەی ئەمیر ئەبداڵی دوەم ـی عەزیزان، خەڵکی جزیرە ئەمیان لەجێی باوکی کردە، حاکم، بەڵام فرەزو لەتافی گەنجی دامرد، ئەوسا ئەمیر ئیبراهیم کوڕێ تری ئەمیر عێزە دین عەزیزان کرایە حاکمی جزیرە، کە ئەمیش فرەزو مردو ٣ کوڕی بەناوی میرشەرەف، میربەدرو کاک محەمەد، هەبووە، ئەمیر شەرەفی کوری لە ساڵی ٨٥٠ مانگی، کرایە حاکمی جزیرە و دوای دە ساڵ حوکومەت کردن وەفاتی کردو ئەمیر بەدری برای بووە حاکم و ئەمیش لە ساڵی ٨٧٥ مانگی وەفاتی کردوە و ٣ کوڕی بەناوی میرشەرەف، میرمحەمەد و شاعەلی بەگ، هەبووە، جادوای مردنی ئەمیر بەدر ـی عەزیزان، براکەی دیکەی بە ناوی ئەمیرکاک محەمەد عەزیزان، کرایە حاکمی جزیرە، کەلە زەمانی ئەمدا حەسەن ئاق قویونلو کە لە ٨٨٢ مانگیدا مردوە، هێرشی کردوتە، سەر ئەو ناوچە و خاکی بن دەس کاک محەمەد ـی داگیرو وێران کردوە و خەڵکێ زوری کوشتووە و کاک محەمەد و برازاکانی (:میرمحەمەد و شاعەلی بەگ) بە دیلی گیراون و بۆماوە یەک چەڵەبی ناوێ لە لایەن حەسەن ئاق قویونلو، کراوەتە، حاکمی جزیرە. ئەمیر شەرە فیدوەم کوڕی میربەدری عەزیزان کە خۆی شارد بۆوە لە ساڵی ٩٢٠ مانگی کە حاکمانی ئاق قویونلو، دوایان براوتیا چون، میرشەرە فی دوەم خۆی گەیاندەوە جزیزەو هەمو سەرانی هۆزو ئەمیرانی بوختی کۆکردەوە و قسەی بۆکردن و خەڵکەکەی دڵخۆش کرد و دوای ساڵیانێ دەر بەدەری سەرەنجام کراوە حاکمی جریزە و سەرو

Dr.Saleh Ebrahimi



سامانێ فرەباشی بە جزیرە داوژیانێ باش و پڕلە خێر و بەرەکەتی بۆ خەڵکی دابین کردو کاک محەمەد و برازاکانیشی لەکۆت و بەندی تورکە رەشە (ئاق قویونلو) رزکاریان بو، گەرانەوە لای میرشەرەفی دووەم لەجزیر. - شائیسماعیل سەفەوی کە لە (٩٠٧ لەبان تەخت دانیشت و لە ٩٣٠ مرد) لەکاتی دەسەلاتا، چەندین جار هێرشی کردۆتە سەرجزیرە، بەلام بە دەسی پرهێزی میرشەرەفی دووەم، تێشکاوە و میرشەرەف تا مردنی لە ساڵی ٩٢٥ مانگی فرە مێرانە و شێرانە، ژیاوە و خزمەتی بە خەڵک کردوە و ٤ کوڕی بەناوی (:بە در بەگ، ناسر بەگ، کاک محەمەد یا میرمحەمەد) هە بووە. - دوای وەفاتی میرشەرەف، خەڵکی جزیرە و هەروا هۆزو تایفەی بۆتانی، شاعەلی بەگ، برای میرشەرەف، یان، کردە حاکم و سە رداری خۆیان لە جزیزە و ناوچەی (فنیک) پشیان، دادەس میرمحەمەد - ی برای. شاعەلی بەگ، دوای ماوە یەک لەگەڵ ژمارێ لە سەرانی کوردی ناوچەکانی تر، چونە لای شائیسماعیل، سە فەوی، کە چی هەرگە پشتنە ئەوێ قزلباشان هەمویانی بە قوڵ بەست زیندانی کرد. بەلام بەریشوەدان ئازادکران و گەرانە وە نیشتمانی کوردە واری و سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، شاعەلی بەگ پاش ماوە یەک لەگەڵ میرشەرە فخانی بدلیسی، چونە لای سوڵتان سەلیم (٩١٩-٩٢٦ مانگی) و فرە رێز و حورمەتیان لێنرا و ئیتربە دڵنیایی گەرانەوە و دەسیان کرد بە خزمەت کردن بەخەڵک و حوکومەتەکەی تا ساڵی ٩٥٠ مانگی بە ردەوام بوو، جادوای شاعەلی بەگ بەدر بەگی کوری کە بە بەدری ٣ ناو دارەکرایە حاکمی جزیر و فرە ئاوەدانی و خێر و بەرەکەتی بۆ خەڵک دابین کرد و خزمەتیشی بە سوڵتان سلێمانی عوسمانی (٩٢٦-٩٧٤ مانگی) کرد و لە زۆربەی سەفەرەکان لەگەڵ ئەو سوڵتانەدا بووە و فرە زێردار بووە. بەدر بەگ فرە رێزی بۆ زانایانی دینی و ئەهلی قەڵەم داناوە و ژیانی ئەوانی فرە جوان دابین کردوە و لەسەردەمی ئەوا، زانایانێ وەکو (:**مەولانا محەمەد بەرقەلعی، مەولانا ئەبوبەکر، مەولانا حەسەن سورچی، مەولانا سەیید عەلی و مەولانا زەینە دین بەبی**) هەبون کە هەمویان ئەستێرە ییێ پڕ نور بون لە عیلم و فەلسەفە و حیکمەت و زانینەکانی ئیسلامی و ئەلیفاتێ پرنرخیشیان هەیە. بەدر بەگ - ی سێوەمی عەزیزان لە ٩٧٠ مانگی وەفاتی کردوە.

Dr.Saleh Ebrahimi



جادوای مردنی بەدر بەگ کورەکەی بە ناوی میرمحەمەد عەزیزان کراوەتە، حاکمی جزیرەکە بەداخەوە بە راوە ژوی باوکی فرە تەماعکار و پولّ و دراو، خۆشە ویست بووە و خۆی لە پولّ و مالّ و دراو مرکردو دوای ٧ سالّ حوکومەت لە شەرّی قزباشان کوژراو سولّتان محەمەدی کورِی لە جییّ ئەو کرایە حاکمی جزیرە، ئەم کورە میرّ مندالّ بووە، لەوە، دەچیّ ناویّتری بوبیّ، بەلاّم خەلّکی بە ناوی باوکە،کوژراوەکەی بانگیان کردبیّ. دایکی ئەم کورە کچی مەلیک محەمەدبن مەلیک خەلیل حەسەن کیّف و ئافرەتیّ لە کارزان و پرِعەقلّ وژیر و پرِمشور و بەراو تەگبیر بووەکە فرە بۆ بارهیّنان و پەروە ردە کردنی کورِان و کچانی خۆی کۆشاوە و کچەکانی خۆی لەئەمیرناسر و میرشەرەف، کورِانی خان ئەودالّ، مارەکردوە و ئیدارەی جزیرەی بەوینەیکاتی داوەتە دەس ئەوان و لەهەل و مەرجیّکدا،کورەکەی لەگەلّ خۆیدا هەلگرتووە و چونەتە ئەستەمبولّ، لای سولّتان مرادخانی عوسمانی و دیارییّ باشی پیّداوە و فەرمانی حوکومەتی جزیرەی بۆسولّتان محەمەد ـی کورِی خۆی بەفەرمی وەرگرتووە،کە بە داخەوە، ئەوشیرە ژنە دوای ٥ سالّ وەفاتی کردوە وکورەکەیشی، دوای دایکی فرەی نە خایاندکە لە سالّی ٩٨٧ مانگی مرد. جادوای سولّتان محەمەد ـی عەزیزان، ناصر بەگی عەزیزان،کورِی شاعەلی بەگ کرایە حاکمی جزیرە و لە بەرا، ناوچەکانی (تورو هەیتەم)ی سەربە جزیری بە دەس بووناسر بەگیش، دوای ٢ سالّ مرد و کورەکەی،کە ناوی خان ئەبدالّ بوو، لەجیّی باوکی دانیشت و هیّمان ئەوەندەی حوکومەت نەکردبو وکوژرا و ٧ کورِی بەم ناوانە (میرناسر، میرشەرەف، میرمحەمەد، شاعەلی، میرسەیفەدین، میرعیّزەدین و میرئەبدالّ) لییّ بەجیما بوو.

جادوای خان ئەبدالّ، ناسر،کورە گەورەکەی بووە حاکم بەلاّم لەتافی لاویدا لە سالّی ٩٩١ مانگی بە ناکامی، مرد و دوای ئەو میرعەزیزکورِی کاک محەمەد بووەتە حاکمی جزیرە، بەلاّم کورِانی خان ئەبدالّ بەدژی راوەستان، تالە سالّی ٩٩٩ لە لایەن حوکومەتی عوسمانی لەکار لادراو میرمحەمەد بن خان ئەبدال لەجیّی دانرا. میرمحەمەد ـی عەزیزان کورِی میرئەبدالّ دوای ماوەییّکەم، تیّگەیی کە خەلّکی فرەتر

Dr.Saleh Ebrahimi



پیان خۆشە میرشەرەفی برای ببێتە حاکم و ئەویش ناچار حوکومەتی جزیرەی، دایە دەس میرشەرەفی برایکەی و خوێشی لە لایەن عوسمانیەوە کرایە حـاکـمی حـەسەن کێـف. میرشەرەفی عەزیزان، کوڕی خان ئەبداڵ مرۆڤێ شەریف و لەکارزان و دادگەرو دڵسۆز بووفرە کۆمەگی بەهە ژاران و نەداران دەکرد و هاوسەر دەمی میرشەرەفخان، دانەری شەرەفنامە بووە و میرشەرەفخان لە شەرەفنامەدا فرە دڵپەسەند، قسەی لە چاکی و ئاکار چاکی میرشەرەفی کوڕی ئەبداڵ کردوە، ئێتردوای میرشەرەف لە جزیرەدا تا رۆژگاری بەدرخانیان، ئاگارداری یەکی ئەوتۆلە دەسانیە، بەڵام دوای بەدرخانیان دوبارە هـەرلە حاکمانی ئازیران میرو حاکم پەیدابون و لەجزیرە حوکومەتیان کردوە (بڕوانە شەرەفنامە بەکورتی و کوردوکوردستان، ئەمین زەکی.)

Dr.Saleh Ebrahimi



# بدلیسی ئەمیر شەرە فخان

بدلیسی، ئەمیر شەرە فخان (زیقە قیدەی ٩٤٩-١٠١٢ مانگی و فەورەی‌یەی ١٥٤٣-١٦٠٣ز)، سەرۆکی عەشیرەتی رۆژەکی، کەیەکێ بووە لە ئەمیران و والیانی دەسگای صەفەوی و عوسمانی و نوسەری کتێبی شەرەفنامەیە‌کە گرینگترین سەر چاوەیە بۆناسینی ئەو نوسەرە کوردە، فارسی نوسە، مێژو زانەی کوردو کوردستان، کە خوی لە ئاخری بەشی یەکەمی ئەم کتیبە دا لەبابەت خۆیەوە هێناویەتی: ئەمیر شەمسەدین؛ باوکی شەرەفخان سەرۆکی هۆزی رۆژەکی و لەبنە مالەی خانەدانی ناوداری نەتەوەی کورد ـ ە، کە حاکمی بدلیس بووە (سورەیا، ٣/١٣٨) بدلیس کەلە غەربی دەریاحەی وان دایە، لە رۆژگاری شاتیهماسب صەفەوی، کەوتە بن دەس تورکی عوسمانی و ئەمیر شەمسەدین، هاتە ولاتی ئێران و شاتیهماسب سە راب وچەن شوینی‌تری پێ سپاردولە پاشان ناردیە سەر مەراغە وسەردە مێکیش دەماوەندی پێدا ولە نیزیکی شاری قوم (گۆم: گۆمی خوی) دامە رزاوە و بارگە وبنەی داناوە و شاتیهماسب داهاتی جەهرود، گریهرودوڤە راهانی عیراقی بەموچە پێداوە (نەفیسی، «تاریخچە»، ٣٦؛ ریو، ١/٢٠٨) و هەر لەوێ لەگەل کچی ئەمیرخان موصلو کەلە ئەمیرانی بایندە ریان و لە حاکمانی ئەرزەنجان‌بو، زەوجی و بونە حەلالی یەکتر و شەرە فخان لەگریهرود (قیس: وولکف ٢٩١، کەبەکەرە مرود نوسراوە) لە وکچەی ئەمیرخان موصلو لەدایک بووە، ئەو تا ٩ سالی لەوێ ژیاوە و لەگەل تاکە تاکی قازیانی گریهرود کەلە زاناو مەزنەکانی ئەو ناوچە دهاتنە ژمار، هاتوچۆو دوستایەتی و نیزیکی هەبووە (بدلیسی، ١/٥٧٥-٥٧٦)، ئەمیر شەمشەدین بدلیسی زۆربەی کاتی لە زۆزان و گەرمە سێران لە خزمەت شادا رای دە بوارد، نێزیکەی سەدو پەنجاکەس لە رۆژکیان‌چونەتە ریزی پاسە وانان و پارێزەرە، گەورەکان و نۆبە چیە خاوەن پایەکان. دولەوانە **کەشێخ‌ئەمیر بلباسی و دە دە بەگی قە والیسی بون پلەی** بەرزی سەر لقایە تیان درایە و بەو پلە سەر فرازکران. شاتیهماسب کاری

Dr.Saleh Ebrahimi



فرەگرینگی بە میرشە مسەدین بدلیسی سپاردوە؛ بۆیێنە بە سەرداری سپایێ ناردیە سەر ئەرجیس کە ئەو شارەی گرت و بە سەر تورکی عوسمانیدا زاڵ بو. شاتیهماسب بۆئەوەی منالاَن و رۆڵەکانی ئەمیران و گەورەکان زیاتر تۆگر بە صەفەوی بکاو باش پەروە ردە بکرێن و باش فێربن و چاك بارێن، دەی بردنە دەربار و فێری خوێندنی دەکردن و باری دە هێنان، جاهەر لەو سۆنگەوە، شەرەفخان لە ٩ ساڵیەوە تا ١٢ ساڵی لە حەرەمی تایبەت بەشا، دەژیا، تاباوکی لەکارکە نارەی گرت و شابە تە قازای کوردان، شەرەفخانی کردە سەرۆك و ئەمیری خێڵی رۆژەکی و حوکومەتی (ساڵیان و مەحموداوا) کە ناوچەیێ لە تابیعی شیروان بو، بەودرا، جاچون ٣ ساڵ دوای ئەوە **شێخ ئەمیر بلباسی**، سەر پەرست و پێشکاری، شەرە فخان، وەفاتی کرد، ئەمیر شەرە فخانی ١٥ ساڵە چووە لای شاتیهماسب ولە پاشان بە دەستوری ئەو بە محەمەد بەگی خاڵی کە حاکمی هەمەدان بوو سپێر درا. (هەر ئەو، ١/٥٧٦-٥٧٧).

دوای ماوەیەك، شاتیهماسب تکای لە ئەمیر شەمسەدین بدلیسی کرد، دوبارە ببێتەوە سەرۆکی هۆزی رۆژەکی و هەرلە و روەیشەوە بردیە قەزوێن و فرە رێز و حورمەتی گرت و حوکومەتی گریهرود و قوم (:گۆم) یشی پێدا، بەلاَم شەمسەدین دوبارە دوای ماوەیەك دەسی لە و حوکومەتە بەردا و سەرۆك و ئەمیر عەشایری دوبارە خرایە ئەستوی، شەرە فخان، لەکاتی راپە رینی **خان ئەحمەدگیلانی والی (بیە)** (٩٧٥ مانگی و ١٥٦٧ ز) شاتیهماسب ئەمیر شەرەفخانی بدلیسی بە سپایەکەوە نارده ئەویێ تاگیلان ئارام بکاتەوە و خان ئەحمەدگیلانی دامرکێنێ (هەرئەو ١/٥٧٨؛ روملۆ، ٤٤٠) و ئەمیر **شەرەفخان فرە مەردانە و شێرانە، خان ئەحمەدگیلانی بە چوکاهێناو گیلانی** ئارام کردە وەو شالە خوشیان شاگە شکەو شادبو (بدلیسی، ١/٥٧٨-٥٧٩؛ قیس: نەفیسی، تاریخ...، ١/٣٨٢؛ ئیبراهیمی (شەپۆل) کتێبی زانایانی کورد، (بەزمانی کوردی چاپی ١٣٧٩ هەتاوی).

Dr.Saleh Ebrahimi



ئەمیر شەرە فخان لەگیلان مایەوە و دوای چەن ساڵ لە بەر ئەوەی کەش و هەوای شێرجە بوو بەو، نە دە سازا، چووە قەزوێن لای شا، دیتی بە وجۆرەی خۆی دەیەوێ لە قەزوێن بۆی نالوێ، تکای لەشاکرد، بینێرێتە شوێنێ‌تر، شابش چەن ناوچە یەکی لە شیروان و قەفقاز بەو و بە هۆزی رۆژەکی بەخشی (بدلیسی، ١/ ٥٨٠؛ نەفیسی هەرئەوێ، ئیبراهیمی (شەپۆل) زانایانی کورد هەرئەوێ) بە مردنی شاتیهماسب، ئەستێرەی بەختی ئەمیر شەرە فخان لە دەرباری صەفەوی روی لە وندا بون کرد، لە سەرە تاوە شائیسماعیل دوەم فرە ریزو حورمەتی ئەمیر شەرە فخان بدلیسی گرت و کردیە هەمە کارەی غەربی ئێران، بۆ ئارام کردنە وەی **هۆز و تایفەی کوردەکان و لورەکان**. لە ولاشەوە بێ فەران و حەسودان، لای‌شا بۆیان تێ چاندکە دەیەوێ شازادە حوسێن میرزا برازای لەجیاتی شا ئیساعیل دابنێ، شائیسماعیلیش بەقسەی ئەو شەیتان و شۆفارانە، هەندێ‌کەسی لەدارو دەسەی ئەمیر شەرەفخان گرت و سزای دانو ئەمیرشەرە فخانیشی، دورخستەوە و کردیە حاکمی نەخجەوان (بدلیسی، ١/ ٥٨٠-٥٨١، ئیبراهیمی (: شەپۆل) زانایانی کورد، هەرئەوێ).

پە رێشانی دەرباری صەفەوی لە رۆژگاری شائیسماعیلی دوەم و محەمەد خوابەندە، بووە هۆ تا دەرباری عوسمانی، دوای یەکساڵ و ٤ مانگ حوکمرانی ئەمیر شەرە فخان بدلیسی لە نەخجەواندا، ئەو بانگ بکەن و بیکەنە حاکمی بدلیس کە لەنێوخانە دانی ئەمیر شەرە فخاندا بەشێوەی میراتی بووە و ئەمیر شەرەفخان، فرە بەشادیو بە خۆشحاڵی‌یەوە، حوکومەتی بدلیسی گرتە دەس و لە ٩٨٦ مانگی و ١٥٧٨ز، بە ٤٠٠ کە سەوە کە نیوێ لەوانە لە هۆزی خۆی بون، چووە کوردستانی بن دەس عوسمانی و سوڵتان مرادی سێوەم فرەریز و حورمەتی‌گرت، هەمشە بە رێزەوە، چاوی لێدەکرد. (هەرئەو، ١/ ٥٨١-٥٨٢، هەروا؛ سەفا، ٥/ ١٦٩٣؛ قیس: نەفیسی، «تاریخچە...»، ٣٦، ئیبراهیمی: (شە پۆل) زانایانی کورد، هەرئەوێ). لەوە بەدوا، ئەمیر شەرە فخان بدلیسی

Dr.Saleh Ebrahimi



چەندین جار گەیشتە **پلەی بەرزی سپایی و پایەی بەرزی ولات** و بە پاداشی ئە و راژەو خزمە تانە، ناوچەی موش و... کرایە بەشێ لە خاکی بنفەرمانی ئەو. لە **١٠٠٥** مانگیدا لە کاتی پاشایی محەمەدی سێوەم ئەمیر شەرە فخان بدلیسی هەلسوراندنی کاروباری بە کردەوە بە ئەبولمە عالی شەمسە دین بەگی کوڕی خۆی سپارد، هەرچەند هەرخۆی میروسە روک بو. ئەو کارەی بۆیی کرد تا خۆی بە دلگرمی وبێ هەرا و هوریا بتوانێ خەریکی کاری عیلمیو نوسینی تاریخی کوردو کوردستان، ببێ. (بدلیسی، **١/ ٥٨٢-٥٨٤**)، وەفاتی ئەمیر شەرە فخانیان بە سالی **١٠١٢** مانگی داناوە کە سولتان محەمەدی سێوە میش هەرلە و سالەدا مردوە (بڕواننە، بروسەلی، **٣/ ٧٢**). دەسە لاتی خانەدانی شەرە فخان تائازربایجانو سکەیان بە ناوی خۆلێداوە و خود بەیان بە ناوخوێندراوە و **٢٢** حاکمیان بەشوینیەکدا هەبووە، شەرە فنامە، ئەم کتێبەی ئەو مێژوزانە کوردە بە ناوی مێژوی کوردستان و بە تاریخی نە تەوەی کوردیش ناودارو نوسراوە (بۆوێنە بڕواننە: ئیلاهیات، ١/٨٨، ئا تابای، ٧٧٢)، **مە بەستی ئەمیر شەرە فخان لە نوسینی شەرە فنامە بۆپێک هێنانی دە ولەتی کوردو نوسینی مێژوی گەلی کورد، بووە، کە مێژویێ ئاواریک و پێک و لە سەریەک بۆنە تەوەکەی نە نوسرابوو بەو کارەی خزمەتێ عیلمی فرەگرینگی بە کوردونە تەوەی کورد، کردووەو نەتەوەی کوردمنە تباریەتی** (: شە پۆل). لە نێوان نوسراوە گەلێ کەلە مێژوی سەر زنجیرەی حاکمان و پاشایانی ناوداری گەلی کورد، دانراون و نوسروان و زمارە یشیان کەم نیە (بڕواننە: حاجی خەلیفە، ١/ ٢٨٢) شەرە فنامە کە بە فارسی دانراوە، لە بابەت پاشاکانی نە تەوەی کورد، ئەمیران و حاکمانی کورد و کوردستان بە دورو درێژی، هەروا لە بابەت پاشایانی صەفەوی کورد، زادە و عوسمانی بەکورتی، قسەی کردووە و نوسیویتی (بروسەلی، هەرئە وێ) شەرە فنامە دارای دوبەشی بنەرە تی یە، کە یە کە میان دوای سەرە تا، داگری ٤ صەحیفەیە لە مێژوی پاشایانی کورد، والیان، ئەمیران و خانە دانە ناودار و ناناوداری

Dr.Saleh Ebrahimi



کوردستان بەرەگەز کوردی ناوچەکانی دیکە، کە صەحیفەی چوارە میان، تایبە تەبەئە میران و حاکمانی بدلیس و لە ئاخرەکە یشیدا ژیناوەری نوسەر خۆی و هەندێ لە بابەت باوکی یەوە، نوسیویەتی ولە ئاخرئەم بەشە داگونجاندویەتی.

وولکف بۆیەکە مجار سەرنجی شەرەفنامەی داوە و لە و تارێ هەندێ کورت بەلاّم پچڕ پچڕ رافەیەکی لەسەر نوسخەی مۆزە خانەی ئاسیاسی ئاکادمی عولومی سێن پترزبۆرگ نوسی و لەوێدا ژیناوەری ئەمیر شەرە فخان بدلیسی لەگەڵ شی کردنەوە و رون کردنەوە، لە بابەت بەشەکان، کژەکان و کتێبەکەی هیناوە و ناوی خانە دانەکان، سەر رزنجیرەکان و ناوی جێی وشوێنەکانی بە ئیمیلای عەرەبی و فەرانسەوی نوسیوە (وولکف ٢٩٨-٢٩١). دوای چەند دەیە، زێرنوّف zernof، ٧٠٧ لە ساڵەکانی ١٢٧٨-١٢٧٦ مانگی و ١٨٦٠ و ١٨٦٢ز- شەرە فنامەی لە ٢ بەرگدا لەسێن پترزبۆرگ بلاّوکردەوە (بڕواننە: ئیّدواردز، ٦٦١؛ هەروا، ئاربیّری، ۴٨٢/ (۴)١١).

شەرە فنامە لەروی دەقی فارسی یەکە یەوە، چەن ساڵ دوای ئەوە لە ١٨٧٥-١٨٦٨ز- بە قەڵەم (: نوسینگ)ی شارموا charmoy وە رگە راوە تەسەر زمانی فەرانسە وی و لە ٢ بە رگدا لەسێن پترزبۆرگ بلاّوکراوە تەوە (ئاربیّری، هەرئەوێ، ئیّدواردز، ٦٦٢-٦٦١). لەم کتێبە بە تورکیش وەرگە راوە یەک هەیە (بروسەلی، هەر، ئەوێ). شەمعی لە ١٠٩٢ مانگی و ١٦٨١ز- نوسخەیێ کورتی لەو تەر جەمە بە تورکی بە تەرتیب (هەرئەوێ) وە رگێڕانی شەرەفنامە لە فارسی یەوە بۆ عەرەبی، مەلاجە میل باندێ رۆژبە یانی ئەنجامی داوە (بڕواننە مشار، ٣/٣٢٦۴-٣٢٦٥)، محەمەد عەلی **عەونی کە لە ساڵی ١٨٩٧ز- لە سویّرەک، لیوای دیار بەکرلە دایک بووە، دوای تەواو کردنی پلەی او ٢ خوێندن، لە کوردستانە وە چوّتە قاهیرەبۆ خوێندن لە ئەزهەر لە میسر، دوای تەواو کردنی پلەی بەرزی خوێندن هەرلە قاهیرە ماوە تەوە، زمانی کوردی، فارسی، عەربی و فەرانسە وی باش زانیوە ولەگەڵ بەدر خانیان کوردایەتی کردوە و لە دامە**

Dr.Saleh Ebrahimi



**زراندنی خۆیی بوندا بە شدار بووە و لە دیوانی پاشابی بۆ وەرگێرانـی زمـانە رۆژهـەلا تیەکان دامە زراوەو شەرەفنامەی فارسی لە چاپ داوە و پێشەکی و پە راوێزێ زۆرپڕنرخی لەسەر نوسیوە و هەروەها شەرە فنامەی کردوّتە عەرەبی و لە دوای وەفات کردنی عەونی،**

وەزارەتـی تـەربیەی مـیسرلە ١٩٥٨ز۔لە چـاپی داوەتـەوە ۔مـەسەلەی کـورد (: القیضةالکردیة)ی بلچ شێرکو، عەرەبی یەکەی: عەونی نـوسیویەتی. خـولاسەی کـورد تاریخی کوردو کوردستان و تاریخی دوەل وئە ماراتی کوردی زانای مێژوزانی بە نـاو بانگی کورد، ئەمین زەکی،کرد پە عەرەبی و بە پەراوێزێ فرە با یەخدار، رازاندونیەوە. جزمی دوەمی (مە شاهیری ئەکراد ۔ی) ئەمین زەکی لە چاپ داوە تەوە. فرە نوسراوەی بە نرخی لەسەرکتێبی کوردو کوردستان هەیەکە تا ئێستا بلاّو نەکراونەوە.

عەلی عەونی لە ساڵی ١٩٥٢ز۔لە ١١ تەموز لە قاهیرە وەفاتی کردوە ولە تەکیەی شیخ موغاوری لەجەبەل مەقتەم، لە نێزیکێ عومەربن فاریز نێژراوە (شە پوڵ) بە نەقڵ لە شەرە فنامەی شەرە فخان بدلیسی کە هەژار موحەقیق، وەرگێر و شاعیری ناو داری کورد، کردویە بەکوردی پەرەی ٥٢ و ٥٣ ئوفسێتی جەوا هیری تاران ساڵی ١٨١ز۔چـاپی عـەلی عـەونی لە بـابەت دیـقەت و راست و دروست بـون پـەسەند کـراوە (عـەباسی، ١/١٠٦-١٠٧)، بە زیاد کردنی سەرە تاوکۆبە و پێرست لە ١٣٤٣ مانگی بەکۆششی محەمەد عەباسی لە تاران ئۆفسێت کراوە و لە ١٣٤٧، دوبارە لە چاپ دراوە تەوە، سەد حەیف و سەد مخابن هەژار ئەم شەرەفنامە،کە عەباسی لێ زیاد کردوە و ئـاوا زانـایانە کۆبەو سەرە تاو پێرستی بۆ نوسیوە لە بە ردەس هەژار دانە بوون کە بوّغەنی تربونی شەرە فنامە بەوکوردیە پاراوە تەرجەمەی بکا (شە پوڵ) **سەرچاوە:** ئاتابای، بـەدری پێرسـتی مێژو، سەفەرنامە، سەیاحەت نامە و جوغرافیایی خەتی کتێبخانەی سـەڵتـەنەتی تـاران، ١٣٥٦ هەتاوی، ئیلاهیات تاران، خەتی، بدلیسی، شەرە فخان، شەرەفنامە، بەکۆششی محەمەد عەباسی، تاران، ١٣٤٣، بروسەلی، محەمەد تاهیرە، عوسمانلی موئەلیف لەری

Dr.Saleh Ebrahimi



ئەستە مبول، ١٣٤٢ هەتاوی، سورەیا، محەمەد سجیل عوسمانی (تەزکەرەی مەشاهیری عوسمانیە) ئەستە مبول، ١٣١١ مانگی، حاجی خەلیفە، کەشف؛ رۆملۆ، حەسەن، ئەحسەن تەواریخ، بە کۆششی چارلیز نارمین سیدێن، تاران، ١٣٤٢ هەتاوی، شەپۆل محەمەد صالح ئیبراهیمی، زانایانی، کورد، بەزمانی کوردی، چاپی ١٣٧٩ هەتاوی، سەقز، محەمەدی، صەفا، زەبیحوللا. تاریخ ئەدە بیات لەئێران، تاران، بلاوکی فیردەوسی، عەباسی محەمەد، سەرە تالە سەر شەرە فنامە (بروانە، هەرئەو، بدلیسی)؛ مشار، خانبابا، پێرستی کتێبە چاپیەکانی فارسی، تاران، ١٣٥٥ هەتاوی؛ نەفیسی سەعید «تاریخچەی ئەدە بیاتی ئێران»، سالنامەی پارس، ١٣٢٨ هەتاوی، بەشی یەکەم، تاران، هەرئەو، تاریخی نەزم و نەسر (:پەخشان) لە ئێران و لە زمانی فارسیدا، تاران ١٣٤٤ هەتاوی، هە روەها:

Arberry; Edwards; Acatalogue of the persian printed Books in the British museum London, 1922; Rieu, ch, catalogue of the persianmanuscripts in the British muse um London 1879 wolkow, notieesurl, ouvrage persan intitule scheref name, J A, 1876, vol, 111.

مەنوچیهر پزیشک؛ دایرەتولمەعاریفی بوزورگی ئیسلامی ج ١١ پەرەی ٥٧٥ تا ٥٧٤ چاپی ١٣٨١ هەتاوی تاران (شەپۆل).

### رون کردنه وه یه ک:

بەقسەی مێژوزانان فەرمانرەوایانی بدلیس دەچنەوە سەرکیسرایەکان و هەندێکیش لایانوایە لە رەگەزو نەتەوەی ئەنوشیروانن. بەلام ئەمیر شەرەفخان لە شەرەفنامەدا نوسیویەتی: دەچنەوە، **سەرجاماسب کوڕی فیروز ـ ی بیستەمی کیسرا**، کە بریکاری کیسرا قوباد، لە ئەرمەنستان و شیروان بووە و میرانی بدلیس نەوەی جاماسبن. بە کورتی **عێزەدین لە بدلیس و زیائەدین لە حەزۆ، بونەتە سەردار**. بەلام زیائەدین بەفێڵ بدلیسی لە

Dr.Saleh Ebrahimi



عیزەدین ساندوە و عیزەدین بە ناچار چوتە سەرحەزو و سامسون و بوتەحاکمی ئەو ۲ شوینە. حاکمانی بدلیس لەرەگەزی زیائەدینن کە بە (دیادین)یش ناوبراون. میرانی بدلیس ۱۸ کەسیان و فرەتر لە ۴۵۰ سال بەبێ ناوبڕ حوکومەتیان کردوە. تا ئاقسونقورِ ئەتابەکی موسل لە سالانی ۵۲۱ بەدوا حوکومەتی بدلیسی لە دەس دەرهێنان و لەو سەردەمەی کە سولتان جەلالەدین کوڕی محەمەد، خوارەزمشا چوتە بدلیس، مەلیک ئەشەرەف حاکمی بدلیس بووە و دوای مەلیک ئەشرەف، مەلیک مەجدەدین و بەدوای ئەوا، عیزەدین و لەدوای ئەو میرئەبو بەکرو دوای ئەمیش میرشێخ شەرەف و دواجار میرزیائەدین کە هاو سەردەمی تەیمورە شەلە بووە و یەکتریشیان دیوە و لەو سەردەمەوە، تا سەردەمی ئەمیر شەرەفخان نوسەری شەرەفنامە بەمیرات ماوە و لە سالی ۵۲۱ مانگی و ۱۱۲۷ز ـ کە خاوەنی موسل ئەما و خرایەبن دەس عیمادەدین زەنگی و شام و حەلەبیشی گرت و لە ۵۳۴ مانگی و ۱۱۳۹ ز ـ پەلاماری کوردستانی‌دا و بدلیس و ئاشوت و ئاکرێ و... ی گرت و قەلای ئاشوتی ویرانکردو بەناوی خوێ قەلای عیمادیەی لە سەرسازداوکردیە، پێتەخت وکوردستان بە تایبەت بدلیس لەچل سال زیاتر لەبن دەسی سەلجوقیان زالەی، دەهات. لە ۵۶۹ مانگی و ۱۱۷۳ ز ـ صالح ئیسماعیل ۱۰ سالانەی کوڕی نورەدین مەحمودی زنگیە،کراوەتە پاشای شام و لە دوایی دا سولتان صەلاحەدین ئەیوبی، تەنیا حەلەبی بەدەس هێشت، جاکە لە ۵۷۰ مانگی و ۱۱۷۴ ز ـ مرد، لە دواییدا سەیفەدین غازی کوڕی قوتبەدین مەودود، لە ئەتابەکانی موسلی لە ۵۶۵ بانگی و ۱۱۶۹ ز ـ کراوەتە حاکمی موسل تا ۵۷۵ و ۱۱۷۹ ز ـ حوکمی کردوە، جادوای ئەو هەموە، نەهاتیە، سەرەنجام روژی بەختی روژەکیان لە ئاسودە رکەوت و میر ئەشەرەف، ئەوگەو هەرە، یەکدانە، هێمدانەری خانەدانی میرو مەزنەکانی بدلیس بووە: بوتە حاکمی بدلیس و ئەو ناوە و پاشایانی میسرو شام فرە ریزیان بو داناوە و ئاگایان لێی بووە تا دوژمن دەسی لێ نەوەشێنێ و هاو سەردەمی مەلیک ئەشرەف موزەفەرەدین ئەبو فەتح موساکوڕی مەلیک عادل سەیفەدین ئەبوبەکر محەمەد، برای سولتان صەلاحەدین ئەیوبی زەرزاری، دوین، کە لە ۵۷۸ مانگی لە

Dr.Saleh Ebrahimi



دایک بووە و لە محەرەمی **٦٣٥** مانگی وەفاتی کردوە و لە گەڵ کەیقوباد پاشای رۆمدا، بە دژی جەلالەدین مەلیکشا بە جوتە لە ٢٨ رەمەزانی ٦٢٧ مانگیدا، شکاندویانە. ـ بە کورتی **میرئەشرەف بدلیسی** بە بریکاری مەلیک ئەشرەف برازاری سوڵتان صەلاحەدین ئەییوبی زەرزاری، کراوەتە سەر پەرستی بدلیس، تەنانەت لەو سەردەمەی کەمیر ئەشرەف لە سەر بدلیس و مەجدەدین ـ ی برای لەسەر ئیخلات (: خەڵات) بووە و لە **٦٢٥** مانگی و **١٢٢٧** و **٢٨** ز ـ سوڵتان جەلالەدین خوارەزمشا، کە لەترسی جەنگیز، رای کردبو، کاتێ دەبیێ جەنگیز مردوە، هەروەکو رەشە با هەمو، ئەو، وڵاتانەی بە دەس جەنگیز و تەتار ـ بووە، لە تەتار و جەنگیزیان پاکی دەکاتەوە، بەڵام ئوکتای قانانی کوڕی کە لە **٦٢٤** مانگی و **١٢٤٢** ز ـ مردوە، دوای **٢** ساڵ کە زانیویەتی سوڵتان جەلالەدین خوارەزمشا، لە ئێران چروی داوە، ـ **٣٠** هەزار مەغولی وەک غولی ناردەسەری، جەلالەدین، لە ترسا لە ئێران، بەرە و ئەرمەنستان و ئاران، رای کردو لە ریگا تفلیسی داگیر کرد و شەڕیشی بەمیر ئەشرەف حاکمی بدلیس و مەجدەدین حاکمی خەڵات فرۆشت، بەلام سپای پاشایانی میسرو شام چون بەهاواری ئەو **٢** میرە کورد ـ ەوە و لەدەس دوژمن رزگاریان کردن و جەلالەدین خوارەزمشایش بە شرت و گوی تیاچوونەما. ـ مێژو دەڵێ: دوای ئەوەی **میر ئەشرەف حاکمی بدلیس** مرد، مەجدەدین ـ ی برای جێ گرتەوە و دوای ئەمیش نەوە و نەوەزایان جێیان گرتو نەتەوە، تاهێرشی تەیمورە شەلە، کەس هێرشی بۆ نە بردون. ـ جا **حاجی شەرەف کوری** زیائەدین، کە بوتە حاکمی بدلیس و ئەو ناوچانە لە **٧٩٦** مانگی و **١٣٩٤** ز ـ لە خاکە لیوەی مانگی جەلالی کە ئەو ساڵەیش ساڵی سەگ بووە، تەیمورە شەلە، دوای گرتنی بەغا و جزیرە و موسڵ و تەکریت و ماردین و ئامێد، لە سیوا سەوە، بەرەو، زوزانی (ئاڵەتاق) وەرێ دەکەوێ و لە رۆژی شەمە **١١** رەجەبی ئەوساڵە، لە دەشتی موش بۆ پوشدان بارگەو بنەدەخا. بەپێی (زەفەرنامە) حاجی شەرەفخان کەمروێ لە یەکرنگی، سەنگینی، دوستایەتی و مەردایەتیدا، لەو سەردەمەیدا، بێوێنە بووە، بەدیاری گەلێ فرە پرنرخ، دەچێتە پێشوازی تەیمورە شەلە و تەنانەت کلیلی قەڵای بدلسیشی دەداتێ، ئەویش لە پاداشا قەڵای بدلیس، ئەخلات،

Dr.Saleh Ebrahimi



موش، پاسین، ئونیک و مەلازگوردیشی بە خەلات و بەرات پێی دەداتەوە و فەرمانیشی بۆ مۆر دەکا و فرەیش ڕیزی بۆ دادەنێ و جبەی‌تان تاڵی زێرین و حەماڵە شیری زێری خەلات کردوە و ئاڵق سوفی پاشازادێکی ئوزبەک، کە بەدژی حاجی میرشەرەف بووە، تەیمور، بەدیلی دەیلاتە دەس میر شەرەف تا لە بدلیس زیندانی بکا، دەڵێن: کاغەزی فەرمانی تەیمورە شەلە تا ساڵانی ٩٤٠ مانگی و ١٥٣٣ ز - هەرمابو - (جێی ورد بونەوەیە، بەراستی ئەوکارەی حاجی میرشەرەف کە بە دیاری و خەلات بەرگیری لە هێرشی تەیمورە شەلەی گرتووە، فرە لە کاری ئیسکەنەر یا هەرکەسێ کە دیواری چینی بۆ بەرگیری کردن لە هێرشی مەغول، سازداوە، مرۆیانەتر و گرینگتر بووە، چون بۆ سازدانی دیواری چین هەزار کەس لەبەر زەحمەت مردوە و ئەو هەموە خەرج و زەحمەتەیشی بووە و هەر بۆ ئەو سەردەمەیش بە کەڵک هاتووە کە بەرگیری لە هێرشی نامۆبکا.

هەر جوربێ مێژو دەڵێ: دوای وەفاتی حاجی **میرشەرەفخان میری بدلیس،** میرشەمسەدین خانی کوری بە دڵمەندی لەگەڵ هۆزی ڕوژەکی ئاوارەی ئێران و نیو عەجەم بون و کوڕی میرشەمسەدین کە بە (وەلی) ناوداربو، کرایەجێی نشینی باوکی (بروانە شەرەفنامە بە کوردی تەرجەمەی موحەقیق شاعیری ناوداری کورد - پەرەی ٦٨٠ تا ٦٩٦ بە کورتی). **ئێستا با بزانین باوەکیشی لە ئێران چی بەسەرهاتووە.**

**میرشەمسەدین:**

بەسەر هاتی میرشە مسەدین کوڕی میر شەرە فخانی بدلیسی (باوکی خاوەن شەرەفنامە): میر شەمسەدین لە جێی باوکی خوێ کە بە (حاجی شەرەفخان) کە جار بە جاریش حاجی کە یان لابردوە و هەربە (شەرەفخان) ناویان بردوە. بووەتە، فەرمانڕەوای بدلیس و سوڵتان غەزاکەری عوسمانی! لێی‌ڕەنجاوە و لە نیشتمانی‌باو باپیرانی ئاوارە بووە، جا دوای ئەوەی حاجی شەرەفخان لە (تاتیکێ) شە هیدکرا، هۆزی ڕوژەکی چونە دوی میرشەمسەدین و لە قەلای (ئیختیمار) ەوە، هێنایانە، بدلیس و کردیانە فەرمانڕەوای خۆیان و سەریان، وەبەر باری هێناو کاروباری دنیاداریش؛ خرانێولە پی. (حاجی شەرەف کوڕی محەمەد اغای کەلهوکێچ)، دوای ساڵێک و ٦

Dr.Saleh Ebrahimi



مانگ فەرمانرەوایی لە بروانەوەی ساڵی (٩٤١ مانگی = ١١٥٣ و ٣٥ز-) لەسەر دنەدانی (ئۆڵمە) بە دەستوری سوڵتانی خەزاکەرا، ئیبراهیم پاشای سەروە زیر کرابەسەرداری سپاو رەوانەی ئازربایجان کرا، جاکاتێ گەیشتە دیار بەکر، شەمسەدین بدلیسی بە دیار یەوە چووە، پێشوازی و ئەویش دوای رێزلێنانێ فرە، لەباتی سوڵتان فەرمانرەوایی بدلیسی بوئیمزاو مۆرکرد و میرشەمسەدین لەگەڵ ئیبراهیم پاشا بە سپاوە رویان لە تەورێزکرد، شاتیهماسب صەفەوی کە بەوەی زانیکەعوسمانی هێرشی بۆهێناوە، دەسی لە خۆراسان بەر داوە و بەهەڵە داوان بەرە و ئازربایجان بۆی ئاژۆ تووە، جاکاتێ ئیبراهیم پاشا بەوەی زانی بە پەلە پیاوی ناردە لای سوڵتانی عوسمانی، ئەمیش بە سپایێ فرە و تەیارەوە لەئەستەمبولٚ، وە دەرکەوت و بەغار بەرە و تەورێز هات و لەم لاشەوە شاتیهماسبی صەفەوی گەیشتە (سوڵتانیە) و بە ٨ هەزار سوار بەرایی سوپای عوسمانی گرت، بەڵام لەو دەمەیدا قزلباشان هەر خۆ بە خۆ تێک بەربون، شاتێهماسب دیتی ناتوانێ و بە وجۆرە، شەرِی پیێ ناکرێ، ناچار بەرەو (دەرگە زێن و هەمەدان) چوو سەرما و توفان و باو بۆران و بەفر، رێگاو بانی لەسپای عوسمانی شیواندو سوڵتان بە ناچار (ینگیچەری و گرانباری) لە تە وریز لەلای (ئۆلمە) بەجیێ هێشت و بەرە و (بەغا) وەرێ کەوت. محەمەد خان شەرەفەدین ئۆغلو تەکەلو، کە بەسەر بەغا رادەگەیی، کە بیستیوا سولەیمان، هات، وەک مێرولە عەجەمانە کەوتە پەلە و پەلی ماڵ و منالّی گرت و بەرەو (شوشتەرو دزفول) قاچاندی و بەبێ شەر سوڵتان بەغای گرت وزستان لەوێ گوزە راندی.

شەمسەدین بدلیسی کەلەو ماوەدا هەر لەگەڵ سوڵتان بولە (بەغا) ئیزنی خواست و گە رایەوە بدلیس.

لە خاکە لیوەی بەهار، کاتێ سوڵتان خەزاکەر، لە ئالتون کوپری یەوە، روی کردە ئازربایجان، لە پشت ئەخلات بارەگایان بۆسازداو جالە سۆنگەی گۆڵمەزی (ئۆڵمە) و هەندێ لەوە زیرە چاو برسیەکان، لەدوی شەمسەدین بدلیسییان ناردوە لەدیوانی سولە یمانی تێیان گەیاند، کەشا وای نیازە لێتبخوازێ دەس لە بدلیس هەڵگری و ناوچەی (مەلاتیە و مەرعش) بە مولکاپەتی وەرگری. ئەویش لەوە لامدا فەرموی: مولک و سەرو

Dr.Saleh Ebrahimi



ماڵی ئێمەهی پاشایە!

مەحمود عیمادان بایەکی: ئاغایەکی سەرناسی هۆزی رۆژەکی کە لەو کۆڕەدا ئەوەی بیست: روی کردە شەمسەدین و بەکرمانجی پیێوت: ئەگر بدلیس داگیر بکەن و ئاگردانی خانەدانمان کوێربکەنەوە، رۆژەکی ژیانیان بۆچی‌یە؟ گەورەم ئەگەر ئیزنم بدەی، هەرئێستا ئیبراهیم پاشاگەورەی وەزیر بەم خنجێرەم دەی هەنجنم، ئێستا لەم دیوانە داسەدو پەنجا رۆژەکی هەن، هەمویان لەرێی ئێوەداگیانی خۆیان فیدا دەکەن.

میرشەمسەدین بدلیسی لەوەلاما فەرموی: پاشاو وەزیر خراپەم لەگەڵ ناکەن، سوچ و تاوان لە (ئوڵمە)یە.

بەکر بەگی رۆژبەیانی‌کە سەروکی کۆیلەکانی دیار بەکربوە؛ هەرلەو دەمەیشدا بە سنجەقی (عەدلجەواز) رادەگەیشت؛ ئەویش بەکوردی گوتی: نەکەی بەقسەی کوردی نەزان بەلایەك بەسەر خۆت بێنی، بدلیسیشت لە دەس بچێ هەرخۆت بێمزەرەت بمێنی، فرەی پێی ناچێ، دیسانەوە دەیسێنینەوە.

کاتێ جوابی دڵسۆزانەی شەمسەدین بەگ بە خزمەت پاشاگەیشت: خەلات و براتی شاهانە و ئەسپی بەزین، لغاو، رەشمە و زریزەی زێڕەوە و پسولەی فەرمانرەوایی (مەلاتیە)ی بۆهاتەدەر، بدلیسیش درا بە (ئوڵمە). میرشەمسەدین بدلیس، قەلاکانی ولاتی بدلیسی چۆڵ‌کردو دایە دەس کار بە رێوە بەرانی سوڵتان، یازدەکەسی لەسەر ناسانی رۆژەکی لە پێش خۆیدا، ناردە مەلاتیە، میرشەمسەدین ماڵ و خاوخێزانی بردو بە نیاز بو، لە سامسۆنەوە، بچێتە مەلاتیە. لەو سەردەمەیدا سلێمان بەگی غەززانی میری ولاتی سامسۆن‌بو، چونەکەی میرشەمسەدین بەگی بەدڵ نەبو. کاتێ‌کە هەر خۆ بە خۆ بون پێی گوت: لە خانەدانی ئێوە، هەر تۆماوی، کەلە بەرێ پڕبکاتەوە، رۆمی بلحن جێی باوەڕنین، ئەگەر لەنێوت بەرن، خانە دانی بدلیس بنەبڕدەبن، ئەو قسانە، میرشەمسەدینی بێدار کردەوە و لەچون بۆمەلاتیە دودڵ‌کراو لەو دەمەیشدا شاتیهماسبی صەفەوی لە ئەرجیش‌بو، مونتەشا سوڵتان و عەبدوڵلاخان و بەدر خانی ئێستا جلوی بەسپاوە ناردبو تاموش و ئیخلات تالان بکەن، **میرشەمسەدین لەباتی ئەوەی بچێتە مەلاتیە** چووە لای

Dr.Saleh Ebrahimi



شاتیهماسب و روی کۆچی خستە، تە وریز و ٦ ئاغای هۆزی رۆژە کیشی لەگەڵ کەوتن. کاتێ (ئۆلمە) بەوەی زانی ترساو بدلیسی بە جێ هێشت و بە پەلە پروزە خۆی گەیاندە دیار بەکر؛ کە پاشای عوسمانی لەوێ بو. تا ماوە یەک قەڵای بدلیس بێ خـاوەن و بێ دژدار، مایەوە، لەدوا پیدا بە فرت و فێڵی (ئۆلمە) هەر ۴ ناوچەی: (ئامورەک، خویت، پوغنادو کرنج) لە بدلیس جیاکرانەوە و ناوی سنجە قیان لێ نراودران بە ئیبراهیم بەگی کوڕی شێخ **میری بلباسی. (سنجەق: ناوچە، مەلبەند، بەخش و ناحیە)**، ئیبراهیم بەگ قەڵاکانی ئامورەک، کە لهوک و پوغنادی، وەرگرت. بەڵام نە یتوانی دڵی ئاغای رۆژەکیان بە جێ بێنێ و قەلەندە راغای لێ رەنجاو بەهاو کاری میرمحەمەد ناصرەدینی و دەدە بەگی **قەوالیسی (قەوالیس گوندێ سەر بە هەکاریە)** و چوارسەد چەکداری رۆژەکی، چون بە گژ میرلیواکەی بدلیس‌دا، لەوکەین و بـەینەدا، **شاتیهماسب ئـاوڕی لە مـیرشەمسەدین** دایەوە و هەر وەکو میرە مەزنەکان دە یخوێندەوە و ناز ناوی خانی پێدا و (سەراب) و چەند شوێنی تریشی پێ سپارد و پاشان، ناردیە سەر مەراغە و سەردمێکیش دەماوەند و دارالمە رزی پێی‌داو سەرەنجام داهاتی جەهرود و گریهرودو فەراهانی عیراقی بەموچە پێدا. زۆربەی کاتی لە زۆزان و گەرمە سێران لەخزمەت شادا رای دە بـوارد، نـیزیکەی ۱۵۰ کەس لە رۆژەکیان چونە ریزی پاسەوانە گەورەکان و نۆبەچی یە خاوەن پایەکان. دولە وانە کە **شێخ ئەمیری بلباسی** و دەدە **بەگی قەوالیسی** بون پایەی بەرزی سەر لقایە تیان پێی‌درا، دوای کۆچی قەلەندە راغـاو دەدە بـەگ‌و مـیرمحەمەد. خـوسرە و پـاشا میرمیرانی دیار بەکرلە ئیبراهیم بەگ دڕدۆنگ بو، ناردی تابێتە دیار بەکر ئیبراهیم بەگ لە خۆی ترساو خۆی لەقەرەی پاشا نەدا و قەڵاکانیشی دابەستن، کاتێ ئەو خەبەرە بەگۆی پاشای عوسمانی گەیی فەرمانی بومیرانی کوردستان نارد، هەمو ویکرا بچنە سەر ئیبراهیم بەگ و بیگرن، گشت میرەکان بەو دەستورە، دەوری قەڵای کە لهوک‌یان داو ئەویش ناچار داوای ئاشتی کردو قاسماغای برای ناردە لای خوسرە و پـاشاکـە بـی بـەخشێ، پاشاوتی: خۆیی بێ تا بی بەخشم، برایم بەگ زاتی نەکرد، خۆبخاتە داویشا، ئەمجارە شێخ میری برای ناردە لای ئەو میرانەی کە دەوری قەڵایـان گـرتبو تـاتکای بۆ بکـەن،

Dr.Saleh Ebrahimi



پرسیان بە خوسرەو پاشا کرد. ملی نەدا و قاسماغای لەشاری دیار بە کرکوشت و دەستوری بە میرە کانیش‌دا تا شێخ میری برایشی بکوژن و دەوری قەلاّ بەر نە دەن، شێخ میرلە دوّستانی خوّی بیست کەدە بیّ چی لە گەل بکریّ، نویّژی شێوان بە بیانوی دە شنوێژ گرتن لە کوّڕی میران دەر کەوت و بە نێومێشە و لێروارداڕ، رای کرد وخوی گەیاندە نێوهە کاریان و لەوێشەوە چووە لای قزلّباشان. برایم بەگ کە زانی قاسماغای برای کوژراوە و شێخ میریش خوّی دەربازکردوە، لە قەلاّی (کە لهوک)ەوە چووە نێو قەلاّی ئامورەک ولەوێشەوە، چووە ئێران لای قزلّباشان. ئەوانەی‌وا لە نێو قەلاّ کان بە دەورە دراوی مابون، لەمیرە کان پارانەوە نەیان کوژن بە هوّی بە هائەدین بەگی حەزوّ، بە خشران و هەر ٣ قەلاّ وێران کران.

**شاتیهماسب و میرشەمسەدین خان** رویان بە برایم بەگ نەداو دوای ٢ سالّ، بە ناچار چوّوە لای سولّتانی خەزاکەر! سلێمانی دوەم و ئەویش بەخشی و لەناو چەی روّم ئیلی سنجاقیکیان پێدا و لەدواییدا چەن کوێلە یەکی خوّی کوشیتان. شێخ میرلە سەرە تاوە فرە رێزی بوّ دانرا و کرابە سەرلقی بەرزی پاسەوانە کانی‌شا، بەلاّم لە دوایدا ئەوەندەی تریاک دەکێشا لە بەر چاوی‌شا و خزم و کەس‌وکاری کەوت.

لەسالّی (٩٦٥ مانگی و ١٥٦١ز) کەمن (:ئەمیر شەرە فخان بدلیسی کوڕی میرشەمسەدین خان) کردبومە بریکاری خوّم لەشیروان، وەفاتی کرد. دەدە بەگیش لەسەرلقی قوّلّچی تارانیان دەرکرد. وە وێڕای چلّ قوّلّچی روّژەکی کە بریکاری و خزمەتکاری باوکی بەرێزمی دەکرد ولەسالّی (٩٥٦ مانگی و ١٠٠٠ ز) لە کوردستان شەهیدکرا! میرشەمسەدین خان بە یەکجاری لەهاو دەمی‌شا، وەرەزو گوّشەنشین بوو پێی خوّش نەبو، کەس بی‌بینێ. مانگانە سەدتمدن لە باجی ئیسفەهان بە موچانە پێی دەدرا و حوکمی تەرخانیشیان پێدا بو، دە سالّ لەو شارە بە وجوّرە رای‌بوارد، تا شائیسماعیلی دوەم لە قەلاّی (قەهقەهە) وە چووە قەزوێن و لەسەر تەختی پاشای ئێران دانیشت و ناردی میرشەمسەدین خانی باوکی بە رێزمی بردە قەزوێن. بەلاّم میرشەمسەدین ٦٧ سالّ تەمەنی بو، تریاک کێشان مێشکی و شک کردبو، نەی‌دە پەرژا هاو دەمی شابێ و حەزی

Dr.Saleh Ebrahimi



لە تەنیایی دە کردو بە تایبەت تەمی دوری کوڕو کیژان و خزمان، ژیانیان لێ تاڵ کردبو، کە چووە، قەزوێن، هەندێ کەس لە ڕۆژە کیانی سەر ناس لەوێ بون بە دیداریان شادوگە شایەوە و دوای ماوە یە کێ لە قەزوێن بارە گەی بەرە و لای خوا و بە هەشتی بە رین تیکنا و لەوێ نێژراو ۲ کوڕی هەبون یە کیان شەرەف کە ئەم پەرانە (کتێبی شەرەفنامە)ی نوسیوەو دوەم (خەلەفبە گ) کە سەردە مێک نۆبەچی شائیسماعیل بو و چەن ساڵیکیش بە شانازی پلەی سەرلقی پێدرا، هەمزە میرزا فرەی خۆش دەویست و دوای کوژرانی هەمزە میرزا چووە لای سوڵتان مرادخان، عوسمانی سنجەقی ئەلشگور دومەلاز گردی، پێی بەخشرا.

کاتێ چارە نوس پاڵی بە باوی خاوەن ناوی منەوە ناولە نیشتمانی باو باپیرانی هەڵوە دابو، **کەوتە ئێران کیژی (ئەمیرخان موصلو)ی خواست کەئەو ژنە دایکی منە،** ئەمیرخانی بابی دایکم کوڕی گولابی بە گی کوڕی ئەمیر تۆقاتی بایندەرە کە حەسەن بە گ بایندوزی میرێکی بەدە سەلات و لەوزنجیرەیە بوولە قەرە باغ لە گەڵ سوڵتان سە عیدی کوڕە کان بو بە شەڕیان و ئەو جارەیش کە لە گەڵ سوڵتان محەمەد خانی خەزاکەر! لەسەر سارای بایبوڕتی پێک هەڵپڕژان، باپیرم لەهەر ۲ شەڕ دافرە بوێرو گەڕ ناس بووە و جاهەر لەبەر ئەوە کرا بە میری ئەرزنجان، هێمان شوێنە واری باشی مزگەوت و فێرگە لەو شاروکە دا هەرماون. شەرەفنامە، موحەقیق و نوسەرو شاعیری ناوداری کورد، هەژار کردویە بە کوردی ئوفسیتی جەواهیری تاران چاپی ١٩٨١ز).

٧ ساڵ بوو کە باو کم کە تبووە ئێران و کیژی ئەمیرخانی لە شارۆچکەی گریهرود. سەر بە قومی (عیراقِ عەجەم) لە مێژوی ڕۆژی ٢٠ زیعەعیدەی ساڵی ٩۴٩ مانگی و ١٠٠٠ز) کە ساڵیش کە رویشکە ساڵ بو لە ماڵی قازیانی گریهرود، کە دەچنەوە سەر قازی شوریحی کوفی، لەدایک بوم (پەرەی ٥٧٦ تا ٥٧٥ شەفەرنامە بە فارسی بە خۆش کردنی محەمەد عەباسی چاپی ١٣۴٣ هەتاوی. شەپۆل بۆیێ پەنای بە فارسی یە کە هێناوە، شەرە فنامە کوردی یە کە لێرە دا شێواوە). بۆ زیاتر ناسیاو بوون بە خزمە تە کانی ئەمیر شەرەفخان بە مێژوی نەتەوەی کورد، بڕواننە کتێبی زانایانی کورد، بەزمانی کوردی، چاپی یە کەم ساڵی ١٣٧٩ هەتاوی تاران، چاپەمەنی سەقز، بەقەڵەمی (شەپۆل)، پەرەی ١٩ تا پەرەی ۴.

Dr.Saleh Ebrahimi



# بدلیسی ئەبو عەمار بن یاسر

بدلیسی ئەبو عەمار بن یاسر بن مەتەر بن سەحاب، عارف و خواناسی سەدەی ٦ مانگی و ١٢ ز ـ ناودار بە عەمار یاسر بدلیسی و مولەقەب بە زیائەدین مێژوی لە دایک بون و زێدی لە دایک بونی ئەو خواناسە مەزنە، نەزانراوە، بەلاّم بە ورد بونەوە، لە وەی کە بە بدلیسی ناسراوە، لەوە دەچێ لە بدلیس (هـ م) لە دایک بوبێ.

عەمار یاسر یەکێ لە فەقێکان و پەروە ردەکراوەکانی شێخ ئەبو نەجیب زیائەدین سوهرەوەردی کورد ـ ە «٥٦٣ مانگی ١١٦٨ ز ـ) بووە و بووەتە خەلیفەی ئەو، ـ نوکتە سەعدی شیرازی و کەماڵە دین ئیسفەهانی مریدی ئەم سوهرەوەردیە بون کە سەعدی لە پەسنی ئەوا بە شیعردەلێ

مقالات مردان ز مردی شنو		نه از سعدی از سهروردی شنو
مرا شیخ دانای مرشد شهاب		دو اندرز داد بر روی آب
یکی آنکه در نفس خودبین مباش		دیگر آنکه در جمع بدبین مباش

دیارە تەوای کەندوکوسبی دنیا لە خۆبینی و بەدبینی یەوەسەر هەڵ دەدا ـ ئەبو عەمار یاسر، ئەوەندە ناو دار بووە. تا ئەو جێگایە،کە لە نیوەی دوەمی سەدەی ٦ مانگی بە یەکێ لە پیرانی دەسگیر و شێخانیٚ گەورە، دەهاتە ژمارە؛ نەجمەدین کوبرا «مردن ٦١٨ مانگی و ١٢٢١ ز ـ). عارف و خواناسی **گەورە و بنیاتنەری رێبازی کوبرەویە. یەکێ لەمریدانی ئەو بووە**؛ کە دوای فێربون لە بابە فەرەج تەورێزی (هـ م)، بۆ تەواو کردن، کە زیاتر فێری مەعریفەت ببێ ( ٥٨٠ مانگی و ١١٨٤ ز) چووەتە خزمەت عەمار یاسر بدلیسی و لە فێرگەی ئەوزاتە فێری زانین و خواناسی بووە و چووەتە سەر رێبازی ئەوزاتە، وە خەرقەی تەبەڕوکی لە دەس عەمار یاسر بدلیسی کورد، وەرگرتووە (نەجمەدین، ٢٢٧ ـ ٢٢٨ ؛ عەلائودەولە، چلمەجلیس، ٢٢٨ ـ ٢٢٩؛ یافیعی، ٤/ ٤٠ ـ ٤١ ؛ جامی، ٤٢١؛ خوارەزمی، ١/ ١١٨ ؛ خواندمیر، ٣/ ٣٥ ـ ٣٧، بن کەربەلایی، ٢/ ٣٠٨)، نەجمەدین کوبرا لە کتێبی فەوائیحو جەماڵ، فرە بە گەورەیی و بەرێز ناوی بردوە و یادی عەمار یاسر ـ ی کوردی، کردوە (هەرئەوێ)

جامی فرە بەرێز لە پەسنی عەمار یاسر بدلیسی قسەی کردوە و لە پەسنی ئەودا